قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال (جینۆساید)

عەدالەت عومەر سالح
چالاك لە بواری ئەنفال

دوای ئەوەی رژێمی عێراق بەشێوەیەکی پراکتیکیانە سیاسەتی (خاك سوتاندن)ی لەکوردستان پەیڕەو کردو زیاتر لە(60) شوێنی لەشارو شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستانی کیمیابارانکرد بەمەش تاڕادەیەکی زۆر توانی جڵەوی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کوردستاندا رابکێشێ، ئەمجارەیان قۆناغێکی دیکەی لەناوبردنی نەتەوەی کوردی گرتەبەر کەبەڵگە نامەو دیکۆمێنتەکان[1] ئەوە دەر دەخەن کەپێشتر لەلایەن سەرکردایەتی رژێمو گەورە بەرپرسانو تەنانەت خودی سەرۆکی عێراق سەدام حوسێن بەرنامەی بۆ دارێژرابێ، ئەویش ئۆپەراسیۆنی ئەنفال (جینۆساید)ە کەبەپرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراو زیاتر لە (182) هەزار مرۆڤی کورد بێسەرو شوێنکرانو تاوەکو ئێستاش نازانرێت چارەنووسیان چییە؟

هەر چەندە ئەم ژمارەیە واتە (182) هەزار کەس زۆر گفتوگۆو تاوتوێی لەسەر کراوە کەئایا ئەم ژمارەیە تا چەند راستە وەلێ بەپێی لێداوانێکی نەزار خەزرەجی[2] کەبەم دواییە داویەتی، ئاشکرا بوو کە ژمارەی قوربانیانی ئەنفال دوو ئەوەندەن کە لەقۆناغەیەك لەدوایەکەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنە بێسەرو شوێنکران، بەڵام هەرچۆنێك بێت بەپێی چەند سەرچاوەیەك (لەئەنفالدا لانی کەم 50000 هەزار یان 100000 هەزار کەس کە زۆر بەیان ژن ومنداڵ بوون کوژرابنو لەناو چوبن)[3] بێگومان لەوانەیە ئەمەش رێژەیەکی زۆر کەم بێت کەلەگەڵ قەبارەی ئەو کارەساتەی رژێمی عێراق بەسەر کوردستانی هێنابێ یەکدی نەگرنەوە، شاڵاوی چڕو پڕی سەربازی رژێمی عێراقو ئۆپەراسیۆنی ئەنفال شەش شاڵاوی چڕو پڕی سەربازی جیا جیای لەخۆوە گرت کەلەنێوان شوباتو ئەیلولی 1988 ئەنجامدران، واپێدەچێت کەبەر لەدەستپێکردنی ئەم شاڵاوانە رژێم ئامادەباشی خۆی زۆر بەچاکی وەرگرتبێت ئەوەتە (پێش دەستپێکردنی هێرشەکە هەندێك لەئەندامانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی. عێراق لەگەڵ هەردوو سەرکردەی فەیلەقی یەكو پێنجو فیرقەکانیان سەردانێکی سوسەیی (استطلاع)یان بۆناوچەکە کرد بۆ داڕشتنی دوا نەخشەی هێرشەکە، هەر لە هەمان کاتدا واتە لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەمو سەرەتای شوباتی 1988 هێزێکی زۆر لەدەوروبەری ناوچەکە کۆکرایەوە بەتایبەتی لەبناری گوێژە وجادەی سورداش‌ودەشتی مەرگەوکارێزە، جگە لەپڕ هێزکردنی سەربازگەکانی سەلامو سارداوو هەڵدانی سەدان خیوەت بۆ سەربازەکان، سەرەڕای ئەم هێزە بێ ژمارەش چەندین کەتیبە تۆپ وتانگو چەکی قورسی ئامادەکردبوو بۆ هێرشەکە)[4].

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەرکوردستان بکەین بە دوو قۆناغی سەرەکی کەهەریەکەیان تایبەتمەندیو سیفاتی خۆی هەبوەو شێوازێکی تایبەتی بەخۆوە گرتوە.

قۆناغی یەکەم: شاڵاوەکانی هێرشی رژێم لەم قۆناغەدا پێنج مانگو پازدە رۆژی خایاند کەلە 23ی شوباتی 1988 دەستی پێکردو لە8ی ئابی هەمان ساڵ کۆتایی پێهات، ئەم قۆناغە تەنها شاڵاوی ئەنفالی کۆتایی واتە (ئەنفالی بادینان) ناگرێتەوە، چونکە ئەمەی دوایی قۆناغێکی تایبەتی هەبوو کەلەدوایدا باسی دەکەین.

ئەنفالی یەکەم: لە 23ی شوبات تا19ی ئاداری 1988[5].

هێرشەکانی ئەم شاڵاوەی رژێم بۆ ناوچەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵوو لەسێ لاوە دەستی پێکرد، سەرگەڵووگوندێك

بوو کەوازیاتر لەشارۆچکەیەك دەچوو نزیکەی 500 ماڵ دەبوو، ژمارەی دانیشتوانیشی خۆی لە 3500 کەس دەدا، دیارە گرنگی ئەم شوێنە هەروەك واباس دەکرا بۆ هێزی پێشمەرگە لەئاست گرنگی بەغدا بوو چونکە ماوەی چەندمیلێکی کەم کەوتبووە رۆژ هەلاتی بەنداوی بایەخداری دوکان‌و وێستگەی هایدرۆکارەبایی سە ربەنداوو دەریاچەکە، کەوا هەمان ناوی هەڵگرتبوو کەسەرچاوەیەکی گەورەی دابینکردنی کارەبایە بۆ شارەکانی سلێمانی‌و کەرکوك، جێ پەیگەو بنکەو بارەگاکانی هێزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان PUK لەو ناوچەیەدابوو، بەڵام ئامانجی سەرەکی رژێم لەم هێرشانەدا بەتەنیا پێکان‌و وداگیرکردنی بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگە نەبوو، بەڵکو داگیرکردن‌و وێرانکردنی سەرجەم گوندو دێهاتەکانی ئەو دۆڵەش بوو کەوانزیکەی 25تا30 گوند دەبوون، بەپێێ سەرچاوەکان لەنێوان 200– 250 کەس لەو گەمارۆدانەدا کوژران. لەسەرەتای مانگی ئاداردا ئەم گوندانەیەك لەدوای یەك داگیرکران‌و تانك‌و زرییپۆش هێڵەکانی بەرگری تیکشاندو دواتریش لەلایەن دەستەکانی ئەندازیاری سوپابە بلدۆزەر گوندەکانیان تەختی زەوی کرد، هەروەها دۆڵی جافایەتی‌و گوندی یاخسەمەر لەلایەن سوپای رژێمەوە لەسێ لاوە ئابلۆقەدرابوو تەنها رێگایەکی هەڵاتنی لەلای رۆژهەڵات‌و سنووری ئێرانەوە هێشتبۆوە کەپانتاییەکەی (12) میل دەبوو، بەڵام حاڵەتێك لەم شاڵاوە بەدیاردەکەوێت ئەویش ئەوەیە کەهێزەکانی رژێم زۆر بەجدی هەوڵیان نەداوە بۆ گرتنی تەواوی ئەو خەڵکەی کە بەرەو سنووری ئێران هەڵدەهاتن، دیارە ئەو حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا لەو دەمەدا پرۆسەی بێسەرو شوێنکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان نەبوبوە ڕێبازی سیاسەتی ڕاستەوخۆی ڕژێم، سەرپەرشتیاری سەرکی و سەرکردەی ئەو سوپایەی کەلەئەنفالی یەکەم بەشداری کرد لیوا روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) بوو کە شارەزاییەکی تەواوی لەناوچەکانی کوردستاندا هەبووە چونکە کاتێك لەپلەی ملازم دابوو لەکوردستان راژەی سەربازی بەجێهێنابوو، بێگومان هێزێکی ئێجگار زۆر بەهێز کەلەچەندین لیواو فەوجی سەربازی پێکهاتبوو لەژێر فرمانی سەرکردەی ئەم فەیلەقە دابوو کەدەیان کەتیبەی تۆپ‌و دەبابەو زرییپۆش‌و هێزی ئاسمانی پاڵپشتی بوون ئەوە وێرای دەیان فەوجی سوك‌و مەفەرزەی تایبەت کەلەجاشە کوردەکان پێك هاتبوو بەشداری ئەم ئۆپەرا سیۆنەیان کرد.

سەرەتای دەستپێکردنی هێرشەکانی واپێ دەچێت لەکاتژمێر یەك‌و نیو یان دووی شەوی 23ی شوبات بو بێت کەوا خەڵکی یاخسەمەرو سەرگەلۆوبەر گەڵوو لەتاریکی وباراندا بەدەنگی ناڵەو لرمەی تۆپ‌و ڕاجیمە بەئاگاهاتنەوە.

لەبەرە بەیانی 23ی شوباتدا هێزە زەمینییەکانی رژێم لەهەموو لایەکەوە پەلاماری‌دا، ئەوسوپایەی گەمارۆی بنکەو بارەگاکانی دابوو هێندە گەورەو قەبە بوو لەپەرژینێك دەچوو کەئەوناوچەیەی لەبەشەکانی تری کوردستان داببڕێت، هیڵی بەرە رێك بۆماوەی چل میل درێژ بو بۆوە، لەبنگردی رۆخی خۆرهەڵاتی دەریاچەی دووکانەوە تاسلێمانی وشارۆچکەی ماوەت وچوارتا، هێزەکانی زیاتر لەسێ هەفتەتوانیان بەرگریی بکەن بەڵام دواتر سوپای رژێم تێکی شکاندن، هەروەها رژێم لەرێگای ئەو ڕاپۆرتە نهێنیانەی هەواڵگری ییەوە (الاستخبارات)و دائیرەی ئەمنی سلێمانی‌و فەیلقی یەکەوە دەر دەچون ئاگاداری ئەوەیان هەبوو کەوا کارێکی هاوبەش‌و هەماهەنگییەکی سەربازی لەنێوان ئەلقە لەگوێکانی ئێران –مەبەست – لە پێشمەرگەیە سوپای ئێراندا هەیە کەلەتارانەوەنەخشەی تایبەتی‌و ستراتیژی بۆ کێشراوە، بەپێی ئەو هەواڵانەی هەواڵگەری عێراقی گاردی شۆڕشگێڕی ئێران (الحرس الثوري الايراني) کەوا لەبنکەو پەیگەکانی کاری خۆیان ئەنجام دەدەن‌و ئەرکی سەرپەرشتی چاودێری جێبەجێدەکەن‌و مەبەستیشیان بیرەنەوتەکانی پارێزگای کەرکوکە،هەر بەپێی زانیاریەکانی رژێم ئێران چەکی دژە ئاسمانی داوەتە پێشمەرگە ئەمەش بوەهۆی ئەوەی کەوا هەلیکۆپتەرەکانی بکەونە بارودۆخێکی بەرگری لەخۆکردنەوە، بەوەش فرۆکەی باڵ چەسپ (الاجنحة الثابتة) لەجۆری (سۆخۆی،مێراج، مێك) خرانە کار بۆ هێرش کردنەسەر بنکەو پەیگەکانی پێشمەرگە، هەروەها جۆرە فرۆکەیەکی تر بەکارهات کە (پیلاتۆز)ی پێدەوترا، لەدروستکراوی سوێسرا بوو، شایەنی باسە لەهەرپەلامارێکدا 15 تا20 فڕۆکە بەیەکەو هێرشیان دەکردو بنکەو بارەگاکانیان دەپێکا.

دوای هێرشە چڕو پڕەکانی رژێم و داگیرکردنی ئەوناوچانە زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگە توانیان پاشە کشەبکەن‌و خۆیان دەرباز بکەن یان بەرەو خوارو بگوێزنەوەو لەناوچەی گەرمیان کۆببنەوە، بەڵام کەبینیان هێزەکانی رژێم لەهەمووڵایەکەوە رێگایان لێگرتون ئەمجارە رێگای باکوریان گرتەبەرو بەرەو چیاکانی قەندیل لەسەر سنووری ئێران‌و عێراق نزیك حاجی ئۆمەران‌و هەندێکیشیان بۆ قەراخ دەریاچەی دۆکان هەڵاتن، بەیانی فڕۆکە جەنگییەکانی رژێم بەسەر ئەوانەی دەربازببون‌و ڕایانکردبوو سوڕانەوەو پەڕە شوتیان خستە خوارەوە، لە کاتژمێردووی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەش شەش فڕۆکەی تر دیسان گەرانەوە سەریان‌و بۆمباکانیان خستە خوارەوە، ئەم ناوچەیە خەڵکێکی زۆری لەخێزانی راکردوو وپێشمەرگە لێ بوو کەزۆربەیان لەو خیوەتانە دا دەژیان کەهەڵیاندا بوو، لەم هێرشە ئاسمانیەدا وامەزندە دەکرێت کەنزیکەی (28) کەس کوژرابن‌و (300)کەسیش برنیدار بووبن .

دوای ئەوەی رژێم بەشێوەیەکی رەسمی دەنگ‌و باسی ئەنفالی لەکەناڵەکانی راگەیاندنی خۆی بڵاوکردەوەو پەردەی لەسەر ئەوتاوانە دڕندانەیە لادا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەگشتی گەیشتە ئەوراستییەی کەمەسەلەیەکی ترسناك لەئارادایەو هیچ شتێکی ئەوتۆیان پێناکرێت کەهیچی تر بتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن بۆیە پێویستە هەر لەئێستاوە چارەسەری خۆیان بکەن، ئەوەبو لەرادیۆکاندا، ئەو مەترسیانە دەخرانەڕوو کەڕوبە ڕوی هاوڵاتیان دەبێتە وەو هەرەشەی لەناو بردینان دەکات، بۆیە زۆربەی خەڵك ناچار بوون ڕابکەن‌و خۆیان لەمردن رزگاربکەن‌و هەرچی ماڵ‌و سامانیشە کەهەیتیان بەجێی بهێڵن، هەندێکیان بەشێوەی نهێنی رویان لە شارو شارۆچکە گەورەکانی کوردستان وەك هەولێرو سلێمانیو دهۆك کرد، بەڵام بەشی هەرەزۆریان روەو سنووری عێراق _ ئێران رایانکرد، ئەوانەش کەکەوتنەدەست هێزەکانی رژێم ئەوادەسبەجێ شونبزرکران، تەنانەت ئەوانەش کەلەسەر سنووربوون‌و دواتر هێزەکانی رژێم گرتنیانی هەمان چارەنووسیان هەبوو، هەندێکی تریش کەوا بەبریاری دروۆی لێخۆشبوون بڕوایانکردو هاتنە وە عێراق دەسبەجێ شونبزرکران.

لەهەمووئەو هێرشانەشدا چەکی کیمیایی بەخەستی بەکار هێنرا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە بەشتێکی ئاساییان وەرگرت، چونکە پێشتر لەچەندین شوێنی جیاجیا ئەم چەکە بەکار هێنرابوو. ئەنفالی یەکەم زیاتر لە(100) هێرش‌و پەلاماری جیا جیای لەخۆوەگرت لەئەنجامدا ئەو گوندو ناوچانەی وێرانکرد (قەمچۆغە، شاخەڕەش ، دۆڵە رووت، قزلەر، قەرەنگویێ، مەولان ، قەرەسەرد، پیربایز، دۆڵی مازەلە، قەڵەم پاشائاسۆس، قەرەچەتان، شەدەلە، پیرەمەگرون، زێویێ، گەڕەدیێ، دابان، شارستێن). بنکەوبارەگاکانی پێشمەرگە کەلەوێ بوون دەستیان بەسەر داگیرا، لەشەوی 19/18/ی ئاداری 1988 شاڵاوی ئەنفالی یەکەم کۆتایی پێهات‌و لە19ی ئاداری هەمان مانگدا بەیانێکی سەربازی رژێم ژمارەی (2087)لەلایەن سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان (القيادة العامة للقوات المسلحة) راگەیاندراوتیایدا باسی سەرکەوتنێکی مەزن و بێوێنەی کردووە بەسەر (یاخی بوو بەکرێگیراوان). دوای سێ‌رۆژ پاش ئەمەش شاڵاوی ئەنفالی دووەم دەستی پێکرد.

ئەنفالی دووەم: <u>هێرشەکان بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ لە 22ی ئادار تا1ی نیسانی 1988</u>[6].

دوای ئەوەی لەئەنفالی یەکەم ناوچەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵوو دۆڵێ جافایەتی کەوتە ژێر دەسەڵاتی رژێم‌و بەمەش زەرەرو زیانێکی ئێجگار گەورەو کاریگەر بەناوچەکە گەیەنراو لەئەنجامدا بەسەدان کەس کوژران‌و خەڵکێکی زۆریش کەزۆربەیان ژن‌و منداڵ‌و پیرو پەککەوتەبوون ئاوارە بوون‌و دواتر هەندێکیان لەکاتی ڕاکردن ولەبەرسەرماو بەفری ئەوناوچەیە کەهێشتا نەتوابۆوە لەرێگادا مردن، رێك دوای سێ رۆژ لەکۆتایی ئەنفالی یەکەم هێزەکانی رژێم لە22ی ئاداردا بە بەسوپاو هێزێکی قەبارە گەورەو ژمارە زۆرترلە ئەنفالی پێشوو گەمارۆی چیاکانی قۆپی قەرەداغیدا، لەسەرەتای ساڵێ 1988دامو دەزگاکانی هەواڵگری عێراقی زانیارییەکی تەواویان لەسەر ئەوە هەبوو کەپاسدارانی ئێران بەو پەڕی ئارەزووی خۆیان خەریکی جمو جۆڵن لەبنکەو بارەگاکانی پێشمەرگە لەقەرەداغ[7]

چونكە ئەو ناوچەیە دوای چۆڵكردنی لەساڵی 1987دا تەنها سوپاو جاشی تیادا مابۆوە، بەڵام دواتر كەوتە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگە.

گوندی سێوسێنانیش دەكەوتە قوڵی رۆژهەلاتی قەرەداغەوە، بەپێی ڕاپۆرتەكانی دەزگا ئەمنیو هەواڵگرییەكانی ڕژێم هێزكی 200 كەس گاردی شۆڕشگێری ئێرانی لەم ناوچەیە بوونەو لەمانگی ئاداردا ژمارەیان گەیشتۆتە 400 كەس، لەمانگی شوباتدا هەشت فرۆكەی عێراقی هێرشێكی كیمیاییان كردە سەرتەكێو بەڵەگجار، یەكێك لەوشایەت عەیانانەی كە بەچاوی خۆی بۆردومانەكەی بینیوە دەگێڕتەوەكە، فرۆكەكان بۆمبێكی زۆریان بەردایەوە نازانم چەند بوو،رەنگە هەشت یان نۆ بوبێت كاتێ كەدەتەقینەوە ناڵەیەكی زڵیان دەهات بەڵام دوكەڵێكی كەمیان هەبوو ، ئەو كەسانەی دەستیان پێی كەتبوو دواجار پێستیان تلۆقی كردبوو، ئەو ئاژەڵو مەڕو ماڵاتەش كەلەو گژوگیایەیان خوارد بوو كەبەر كیمیاییەكە كەتبوون یەسكەر مردار بووبونەوە، بەڵام هیچ زیانێكی گیانی لەخەڵكەكەنەكەوتبوو، چونكە خۆیان لەكونە تەیارەكان حەشار دابوو، پاسدارەكانیش سێچوار رۆژ پێش ئەنفالی قەرەداغ لەبەلەگجار دەرچووبوون، هێزەكانی پێشمەرگە لەترسی چەكی كیمیایی پەرتو بڵاوی ناوچەكەیان كردبوو هەر بەپێی ڕاپۆرتی دەزگا هەواڵگریو ئەمنیەكانی رژێم تاقمی خیانەتكاران نزیكەی 1500 دەمامكی گازیان لەرژێمی ئێرانی وەرگرتووە، دیارە ئەم پێشبینیو وەخۆكەوتنە كەمێك كەڵكی هەبوو بۆ ئەنفالەكەی قەردەاغ لە 22ی ئاداردا یەكێك لەكوشندەترین پەلاماری كیمیایی تێدائەنجام درا بۆ سەر گوندی سێوسێنان.

یەكێك لەو شایەت عەیانانەی كە رووداوەكەی بینیوە بەم شێوەیە وەسفی دەكات كە سەرلەئێوارەی 22–23ی ئادار دوای نوێژی ئێوارە لەماڵەوە بەرامبەر گوندی سێوسێنان وەستابووم لەكاتێكا گڵپەی ئاگری بۆمبارانی چڕو پڕی گوندەكەم دیت، ئەم بۆردومانە لەدەربەندیخانەوە بەڕاجیمەی چلی كرایە سەرسێوسێنان، لەئەنجامدا لەكۆی گشتی دانیشتوانی گوندەكە كە 350 ماڵ بوو 1500 كەسی تیادا دەژیا زیاتر لە (80) كەس گیانیان لەدەستدا. (لەبڵاو كراوەیەكی بەشی راگەیاندنی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان **KDP**ناوی 66 كەسی كوژراوی تەمەن 1 تا 59 ساڵ هاتووە كە خەڵكی گوندەكانی ناوچەی قەرەداغنو لەشەوی 28/ 29ی ئادار بەرهێرشی كیمیا باران كەوتوون ئەم ژمارەیە بەشێكە لەو ژنو منداڵو پیرو گەنجە بەركەوتووەی ناوچەكە)[8].

قەرەداغ لەهەموو لایەكەوە بەسوپا ئابلۆقەدرابوو بۆیەخەڵكی ناوچەكە بوون بەدووبەشەوە، بەشێكیان رویانكردە شاخی زەردەوەو خۆیان ومنداڵیان بەرەو سلێمانی رۆیشتنو ماڵو سامانیشیان جێهێشتو تاڵانكرا، ژمارەیەكیشیان لەرێگا گیرانو ئەنفالكران، بەشی دووەمی خەڵكەكە بەناو قۆپی قەرەداغ دا بەرەو ناوچەكانی سەنگاوو گەرمیان پاش ناخۆشی وماندووبونێكی زۆر پەڕینەوەو دەرباز بوون، هێرشەكان لەقوڵەكانی چەچەماڵ، كەركوك، دوزخورماتو، كفری، كەلار، باوەنوور، دەربەندیخان، شارەزوور، تانجەڕۆ، بەكرە جۆو بازیان دەستی پێكرد. لەئەنجامدا رژێم ئەو خەڵكەی خڕكردەوە كەگیرا بوون، ئەفسەرانی سوپا وایان لەخەڵكەكە گەیاندبوو كەبۆ ئۆردوگایان دەبەن بەڵام كاتێ خەڵكەكە سواری زیلی سەربازیو ئۆتۆمبێلە زەوتكراوەكانی خەڵكەكە كرانو بەپیرو منداڵو ژنو زەلامەوە بەرەو قەڵاو ئۆردوگای سەربازی تۆبزاوەی نزیك كەركوك راپێچكران.

پاش كیمیابارانكردنی گوندی سێوسێنانو تەكیە لەهەمان شەو كاتژمێر (12)، گوندی (دوكان) كیمیابارانكرا، لەرۆژانی 21 تا27ی ئادار بەبەردەوامی ناوچەی قەرەداغ بەكیمیایی بۆردومانكرا، هاوڵاتییەكی گوندی سەنگاو دەڵێت: (ئێمەیان برد بۆ ئەمنی سلێمانی وسێ هەفتە لەوێ ئازارو ئەشكەنجەیان داین، هەر ئەوەی چەند كەسێكیان بانگ دەكردو ئیفادەیان وەردەگرتن گوایە تێكدەرو ئێرانینو بەچەكەوە لەشەڕ گیراون، سەرۆك تیرەیەكی عەشرەتی جاف بەم شێوەیە بەسەرهاتی خۆی لەم ئەنفالەدا دەگێڕێتەوە (كاتێ گیراین ئەفسەرێكی سوپاپێی گوتین دەتانبەین بۆ كۆمەڵگا تاكو ژیانتان خۆش بێتو خزمەتگوزاری شارستانیتان بۆ دابین بكرێت، بەڵام دوایی درۆدەرچوو بۆ سەربازگەی قۆرەتوویان بردین، نزیكەی (8) هەشت هەزار كەس دەبوین لەژنو منداڵو پیرو گەنج، پاشان بۆ

تۆپزاوەی نزیك كەركوك بردراین ئینجا لەوێ گەنجەكانیان جیاكردەوەو جلیان لەبەر داكەناندنو بۆ شوێنی نادیار ڕەوانەكران، بەشی دووەمی خەڵكەكەش كەژنو منداڵو كچە عازەبەكان بوون خرانە زیندانەوە،بەڵام بەشی سێیەم كە پیرەژنو پیرە مێردەكان بوون لەگەڵ هەندێ منداڵ بەرەو نۆگرە سەلمان براین)[9].

لەگرتوخانەی نوگرە سەلمانیش بەندییەكان بەشێوەیەكی زۆر سەختو دژوارو دور لەهەموو بنەماو خوڕەوشتێكی مرۆڤایەتی ئازارو ئەشكەنجە دراونو مامەڵەیان لەگەڵ كراوە. عەدالەت تاڵەبانی كەیەكێكە لەوبەندیانەی كاتی خۆی لەئۆپەراسیۆنەكەدا گیراوەو دواتر بۆ نوگرەسەلمانیان بردوە خۆی واقیعی ناو گرتوخانەكە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (لەقرچەی گەرمای هاویندا كەژمارەی بەندكراوەكان نزیكەی 9 تا10 هەزار كەس دەبوو تەنها دوو تانكەر ئاویان بۆدەهێنایین، هی واهەبوو 24 كاتژمێر ئاوی بەرنەدەكەوت، نزیكەی 150 ئافرەتێكی لاو ومنداڵدار كەلە كاروانی یەكەم هێنرابوون بۆ نوگرە سەلمان ئەوانەی منداڵی شیرە خۆریان بوو لە ماوەی 7تا 10 ڕۆژ هەمووی مردن چونكە دایكەكەی هیچی نەدەخوارد تاكوشیری هەبێتو بیدات بەمنداڵەكەی)[10].

لەكاتی ئازاردانی جەستەیش ئەوا بە نوێترین شێوەی ئازاردان (تعذیب) بەندییەكانیان دەكوتا، بۆ نموونە (بوتڵە شوشەیەكی ئارەق یان بیرەیان لەنیوەڕا دەشكاند ئیتر ئەوەی دەمایەوە وەكو پەنجەی دەست تیژ بوون، بەندییەكانیان ناچار دەكرد لەسەری دابنیشنو زۆربە توندیش دەستیان دەنابەسەرشانیان بۆ ئەوەی ئەو شوشەشكاوە بچێتە ناوگیانیان، ئینجا خوێن وەكو جۆگای ئاو لەلەشیاندا دەچۆڕاوەو هیچ چارەسەرو دەرمانێكیش نەبوو، جاری واش هەبوو ئامێری سێكسی (جهاز التناسلی) پیاوەكاینان بەپلایز دەكوشی تالە هۆش خۆیان دەچوون)[11].

دوای ئەوەی ڕژێم بەشێوەیەكی چڕوپڕ وبەردەوام ناوچەی قەرەداغی بۆردومان كرد، لەدوای نیوەڕۆی23ی ئاداردا هێرشی زەمینی كردەسەری‌و داگیری كرد، ئەوانەی كەڕایانكردو دەربازبوون بوونە دووبەش، بەشێكیان ڕێگای باكوریان گرتەبەر كەڕێژەیەكی زۆر بوون لەخەڵكەكەو بەرەو كۆمەڵگەكانی سەر ڕێگاو شاری سلێمانی چوون كەخۆشبەختانە ڕزگاریان بوو نەكەوتنە دەستەوە، بەشەكەی تریش ڕووەو گەرمیانی خوارو ڕێگایان گرتەبەر كەچارەنوسێكی شوم چاوەڕێی كردنو زۆربەی زۆریان دەستگیركرانو شوێنبزركران، بەپێی چەند زانیارییەك ژمارەی ئەوانەی لەم ناوچەیە دەستگیركران دەگاتە (2000) دوو هەزار كەس‌و دەسبەجێ ڕەوانەی ئەمنی سلێمانی كران، سەركردایەتی گشتی هێزە چەكدارەكانی ڕژێم لە 22ی نیسان بەیاننامەی ژمارەی (3109)ی بڵا كردەوە كەتیایدا باسی پاككردنەوەی تەواوی ناوچەی قەرەداغ دەكات (خیانەتكاران)و تێكدانی بنكەكانیان لە(تەكییە، بەلگجاڕ، میولی، بانی مورد، چرچە قەڵا،بەلەكان، دەبەندفەقیرە، قەرەداغ، ئۆقلا، جافەران، بوخشێن،،سیوسێنان، زەردە، كلوش،بێركێ، كلاو جومعە، بەخشێ، دەربەند باسەرە، سەرگرمە، قۆپی قەرەداغ، ئەچداخ). دوای ئەمە هەفتەیەكی نەبرد كەشاڵاوی ئەنفالی سێیەم دەستی پێكرد كەبەگەورەترین وترسناكترین قۆناغ دادەنرێت لەئۆپەراسیۆنی جینۆسایدی خەڵكی كوردستان.

ئەنفالی سێیەم: هێرش كردنە سەر ناوچەی گەرمیان لە 7 تا20ی نیسانی 1988[12].

دوا بەدوای ئەنفالی دووەمو دەست بەسەر داگرتنو شونبزركردنی خەڵكی ناوچەی قەرەداغ، ئەمجارەیان ڕژێم هێرشێكی تری بۆ سەر ناوچەی گەرمیان ئەنجامدا، كەبەگەورەترینو كاولكاریترین شاڵاوی سەربازی دەژمێدرێت لەقۆناغەكانی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا، تیایدا هەمووناوچەكانی دوز خورماتو، قادركەرەم، كفری،كەلار، چەمچەماڵ، تێلەكۆ، پێباز، سەنگاو، تەكیە، ئاغجلەر ڕامالدراو وێرانكرا، هەروەها زەرەرو زیانێكی یەكجار گەورەی گیانی‌و مادی بەدانیشتوان كە نزكیەی (500) گوندی ئەم ناوچەیە گەیاندو زیاتر لە(30) سی هەزار ژنو منداڵو پیرو گەنجی

بێسەرو شوێنکرد.

شالاَو دوای شالاَو بۆ سەر کوردستان گەوەترو کاریگەرتر دەبوون بۆیە هێزی پێشمەرگەو (هێزی پشتگیری)[13] کەدواتر لەگوندەکان پەیدا بوون بۆ هاریکاریکردنی پێشمەرگەو شەرکردن لەگەڵ رژێمدا نەیانتوانی بەرەنگاری قەبارەی ئەو هێزو سوپایە زۆرە ببنەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی زیاد لەهەفتەیەك شەپۆل لەدوای شەپۆل هێرش و پەلاماردانی پیادەو زرێپۆش و تۆبخانەو فرۆکەو جاش ناوچەکەی گرتبۆوە هێزی پێشمەرگە هیچ پاڵپشتی و ئازوقەیەکی نەبوو نەیدەگەیشتێ، ئەوانەش کەلەشالاَوەکانی ئەنفالی یەکەم و دووەمەوە دەربازبوون وخۆیان گەیاندبووە ئەو ناوچەیە گشتیان ماندوو شەکەت بوون و وەریان بەجارێك روخابوو، دیارە ئەوەش کاریگەری هێرشی کیمیابارانکردنی سە ردۆڵی جافایەتی و قەرەداغو هەڵەبجەبوو کەباڵی بەسەریاندا کێشابوو، بۆیە خەڵکی گەرمیان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە خۆ بەدەستەوەدان دوا رێگایتیان کەبیگرنەبەر، هەروەها سوپاش ئەوبێهێزیو شەکەتییەی قۆزتەوەو ناوچەکەی بەجێ نەهێشت تاوەکو هەموو گیانلەبەرێکی دەسیگرنەکردو شوێن هەموو گوند نشینێکی هەڵاتوو دەکەوتن بەهەڵیکۆپتەرو بەپێ بۆناو شاخ و شارۆچکەو شارەکان، هەروەها هۆیەکی دیکەی دەستگیرکردنی ئەو خەڵکەزۆرە ئەوەبوو کە (پارێزگای سلێمانی بەهۆی قایمقامییەتی چەمچەماڵ و بەرێگای مستەشارەکان پرو پاگندەی زۆریان کرد کە حکومەت هەرخێزانەی (300) مەتر زەوی دەداتێ لەگەڵ قەرزی خانوبەرە (العقار)،ئەمەش وایکرد کەخەڵك هێور بێتەوەو رانەکەن بۆیە بەزۆری گیران)[14]. هەروەها یاداشتێکی بەرەی کوردستانی بەلیستێك قوربانییانی ئەنفالی گوندەکانی هەردوو پارێزگای کەرکوك و سلێمانی بۆ لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 24ی شوباتی 1989 تۆمار کردووە کەتەنها لەهەردوو مانگی ئادارو نیسانی 1988. زیانەکان بەم شێوەیە: (نزیکەی 728 گوندو شارۆچکە وێرن کراون و 40 هەزار خێزان راگوێزراون کە16 هەزاریان لەزیندانەکانی رژێمدان 7407 ئافرەتی ناوچەکانی زەنگەنەو جەباری و سەنگاو لە گرتوخانەی دوبز بەند کراون، 5600 ئافرەتی ناوچە جیاجیاکان لەناحیەی یایچی بەندکراون و 4560 منداڵ لەگەڵ ئافرەتاندا گیراون کەبەدەیانیان لێ مردوون، هەروەها چەندین منداڵی تەمەن شەش مانگ تا یەك ساڵی هەریەکەی بە 50 دینار فرۆشراوەو 7640 پیاو شونبزرکراوەو سوکایەتی بەرەوشت و کەرامەتی ئافرەتان کراوە کەدوور لەهەموو داب و نەریتێکی مرۆڤایەتییە)[15].

شالاَوەکانی ئەنفالی سێیەم (گەرمیان) لەناوەرۆکدا خۆی لە (3) سێ پەلاماری جیاجیا بۆ ناوچەکانی ئەم دەڤەرە بینییەوە. یەکەم پەلامار بۆدوز خورماتوو بوو رۆژی 7ی نیسان کەیادی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیە، هێزەکانی رژێم بەهەموو پێکهاتەکانی سوپاو یەکەکانی هێزی کتوپڕی و هێزەکانی تایبەت و فەوجەکانی جاش لەبنکە تایبەتیەکانی خۆیان لەدوزخورماتوو دەرچوون. دوو رۆژ دوای ئەوە چەند هێزێکی تر لەکەرکوك و لەیلان و چەمچەماڵ و سەنگاوەوە بەهەمان شێوە دەرچوون و لەهەموو لایەکەوە ڕووەو شارۆچکەی قادر کەرەم پێشرەویان کرد، هێزی دەرچووی دوز خورماتو بوبەسێ هێزی هاوبەشەوە (Task force) یەکەمیان بۆ باشوری رۆژهەلاَت لەشارۆچکەی نەوجوولەوە بەرەو چەمی ئاوە و سپی، دووەمیان کەوا هێزێکی هاوبەشی گەورەتر بوو بەرەو رۆژهەلاَت پێشڕەوی کرد بەگوێ چەمدا کەپێکهاتبوو لەلیوای 65 ی هێزی تایبەت و لەلایەن هەردوو فەوجی بەرگری نیشتمانی 58و 200ەوە پاڵپشت دەکرا، بروسکەی هەواڵگری دوزخورماتوو ژمارە 103405 ی نیساندا سکالای ئەوە دەکات کەوا فەوجێکی تری جاش کەفەوجی (25)ە لەهێزەکەکشاوەتەوەو ئەو ئەرکانەی کەپێی سپێردراوە ئەنجامی نەداوە. ئەوهێزە هێرشی کردۆتە سەر (17) گوند دوای شەڕوپێکدادانێکی زۆر لەگەڵ ئەوهێزە پێشمەرگەی کەلەوێ بووە تەواوی گوندەکانیان رامالییەو وێرانیان کردووە زیانیشیان یانزە کوژراو بووە کەهەشتیان جاش بوون. سێیەمیان ئەو هێزە هاوبەشە بووەکە پەلاماری گوندی تازە شاریدا، کەگوندێکی ستراتیژی گرنگ بووە، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیی لەنێوان دوزخورماتوو قادر کەرەم، لە 9ی نیساندا هێزەکانی رژێم

گوندەکانی (کانیقادری سەروو خواروو، ئاوایی شێخ حەمید، کەریم بەسام، عەزیز بەگ)ی وێرانکردو خەڵکەکەشی شونبزرکرد.

ئەگەرچی باس و خواسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەئەنفالی سێیەمدا نییە کەرژێم هەروەکو لەئەنفالی یەکەم و دووەم بەکاریهێنا وەلێ شایەت عەیان هەن کەوا گەواهی ئەوەدەدەن و بەچاوی خۆشیان بینیویەتیان کەچەکی کیمیایی بەکارهاتوە تەنانەت لەجفرەکانی فەرماندەی سوپای رژێمەوە لەرێگای رادیۆوە گفتوگۆی بێتەلی نێوان فەرماندەکانی سوپاوە بیستراوە کەبۆ لەناوبردنی تێکدەران و یاخی بوان گاز تاکە رێگەیە بۆ تێکشکاندنی بەرگریان. هەروەها فرۆکەی هۆکەرهەنتەری بەریتانی بینراوە کە گوندی تازە شاری بۆردومان کردووەو گەواڵەو دوکەڵی سپی زۆری لێ پەیدا بووە، ئافرەتێکیش کەخەڵکی گوندی شێخ حەمیدە لاشەی 25 پێشمەرگەی بینیبوو کەبەگاز خنکابوون، ئافرەتەکە سەرەتا نەیزانیوە کەئەوانە بەگاز خنکابوون، کاتێك ژمارەیەك لەبزن و مانگاو پەلە وڕی‌بینیوە لەوێ مردوون ئەوسا گەیشتۆتە ئەو راستیەی کەگازی کیمیایی بەکارهێنراوە هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە کەلە 10ی نیسانیشدا بۆ دووەم جار هێرشی کیمیایی ئەنجام درابێت، جوتیارێکی مەڕدار لەگوندی ئاڵاوی باس لەوەدەکات کە ئەو پێشمەرگانەی لەوە دەرباز ببوون بەو لایەدا هەڵاتن لەدەوروبەری نیوە شەودا فرۆکە بۆردومانی کردن، لەئەنجامدا دەکەسی لێ کوشتون. پەلاماری دووەم بۆ قادر کەرەم و باکوری گەرمیان بوو، ئەوهێزانەی کەلەکەرکوك و چەمچاڵەوە دەرچووبوون و بەرەو قادر کەرەم پێشڕەویان کردبوو لە 10 ی نیساندا بەسەرپەرشتی عەمیدی هێزی تایبەت (بارق عبداللە الحاج حنطة)[16]. کەوا پێ دەچێت فەرماندەی گشتی شاڵاوی ئەنفالی سێیەمی پێ سپێردرابێت گەیشتنە ناوچەکەو هیچ کۆسپو تەگەرەیەکیان نەهاتەڕێ و هیچ روبەڕوبونەوەیەکیان لەلایەن پێشمەرگەوە بەرامبەر ئەنجام نەدرا.

لەم هێرشەدا هێزێکی جاش هەردوو گوندی چەپەك و ئیبراهیم غولامی تێکدا، ئیبراهیم غولام کە گوندێکی سەربە عەشرەتی زەنگەنەبوو لەگەڵ هۆزی جەباری دراوسێ بوون، بوونە قوربانی سەختترین وێرانکاری وتاڵان وبڕی ئەنفالی سێیەم. لەهەموو هێرشەکان جاشە کوردەکان پێش سوپای عێراقی دەکەوتن و دەچوونە گوندەکانەوەئەگەر هەر شەڕێك بوایە لەپێشا تووشی ئەوان دەبوو خۆ ئەگەر شەڕیش نەبوایە لەو گوندە ئەوەی تیایدا بوایە تاڵانیان دەکردو دەیان سوتاندو دەیان ڕوخاند.

خەڵکی ئەو گوندە زۆربەی هەرە زۆریان خۆیان حەشاردابوو، بەڵام هەندێکیان بەناچاری خۆیان بەدەست شوپاداو دواتر سونبزرکران (ئەم ناوچەیە شوێنێکی ستراتیژی و پڕ بەبایەخ و بەهایە، چونکە هێزی پێشمەرگەی لێ بوو چالاکییەکانیان تیادا ئەنجام دەدا، هەروەها ناوچەکە نزیك شاری کەرکوکی بایەخدار بوو، بۆیە رژێمی عێراق زۆر دڕندانە خەڵکی ئەوناوچەیەی دەستگیر کردو بێ بەزەییانەش لەگەڵیاندا رەفتارو مامەڵەی کردو شونبزری کردن، ئەویش بەبێ جیاوازی لەنێوان گەورەو بچوك پیرو منداڵ، نێرو مێ، بەپێی ئامارێك ناوچەی جەباری 539 کەسی لێ ئەنفالکراوە)[17].

موستەشارەکان هانی ئەو خەڵکەیان دەدا کەوا خۆیان بەدەست هێزەکانی سوپاوەبدەن گوایە لێبوردنی گشتی دەرچووەو حکومەت هیچیان لێناکا. تەنانەت پیاوێك 16 لاوی هێنا کەکوڕو خزم و کەسی بوون و هیچیان پێشمەرگەنەبوون داینە دەست موستەشارێك دواتر هەموویان شونبزرکران، ئافرەتێك بەموستەشارێکی گوتبوو دەربازم بکە لەدەست سوپا، لەوەڵامدا پێی وتبوو من هیچم بۆت پێناکرێ باشتروایە خۆت بدەی بەدەستەوە. هەر چەندە خەڵکێکی زۆر لەهەندێك گونددا بەر لەگەیشتنی سوپا بۆگوندەکانیان شوێنی خۆیان بەجێ هێشتبوو چونکە پێشتر هەواڵی بەسەرهاتی گوندەکانی تریان بیستبووکە چۆن بوەو چیان بەسەرهاتووە،بەڵام زۆر یان لەڕێگادا کەوتنە دەست سوپاو دواتر شونبزرکران، بۆ نموونەخەڵکی گوندی قەیتول بەدوو هەفتە پێش ئەوەی هێرشی ئەنفالیان پێ بگات ڕوەو دۆڵ و چیاکان هەڵاتبوون هەروەها لەسەر چیاکان و لەدوورەوە بینیبویان کەچۆن سەرباز دەرژێنەناو

گوندەکەیان‌و جاش پێشیان کەوتوون‌و هەلیکۆپتەریش پاڵپشتیان دەکا. دوای ئەوەی خەڵکەکە بەڕاپرسی‌و تاوتێکردن لەنێوان خۆیاندا ڕووەو چەمچەماڵ کەوتبوونەڕێ لەرێگادا هێزەکانی لیوا روکن بارق عیداللە لەچەند لایەکەوە دەورەیاندابوون‌و گرتنیان، دوای ناونوسین دواتر بەدوو کاروانی ئۆتۆمبێلی ئیڤای سەربازی ڕەوانەی دەزگا ئەمنی وهەواڵگرییەکانی کەرکوك و سلێمانیان کردن‌و شونبزرکران، هەندێك خەڵکی گوندی تر لەخافڵەتیدا و لەنێو ماڵێ خۆیاندا لەناکاو بەهەڵمەتی لەناکاوی سوپا دەسبەسەرکران، زۆر لەشایەت عەیان لیوا روکن بارق یان بینیبوو کەخۆی سەرپەرشتیاری‌و فەرماندەیی ئەو سوپایەی دەکردو گوندەکانیان تاڵان‌و وێران دەکرد. دەمەو بەیانییەکی زوو لەگوندی (قیرچە)ی ئارامدا دوای هێرش کردنە سەری‌و دەستبەرسەرداگرتنی پیاوەکانیان لەشوێنێکدا کۆکردۆتەوەو دەستیان لەپشتەوە کەلەپچە کردون‌و ڕەوانەی چەند شوێنێکی نادیاریان کردون، هەروەها شت‌ومەك‌و مەڕو ماڵاتی گوندەکەیان بەهەمان شێوە ئەنفال کرد.

پەلاماری سێیەم بۆ سەنگاوو باشوری گەرمیان بوو دوای هەر دووپەلامار بۆ سەر دوز خورماتوو قادر کەرم‌و باکوری گەرمیان، رژێم پەلامارێکی تری بەرفراوانی بۆ ناوچەی سەنگاوو باشووری گەرمیان دەستپێکرد سوپا لەهەموو ناوچەکان خەریکی هێرش‌و وێرانکردنی گوندو دەستگیرکردنی گوندنشینەکان بوو، ئەم شاڵاوە زۆرترین گوندی لەم ناوچەیە وێران کردو ژمارەیەکی ئێجگار زۆریش لەخەڵکی شونبزرکران (تەنها لەرۆژی 14ی نیساندا لەهەردوو گوندی ملە سوورەو کولەجۆی حاجی حەمەجان لەیەك کاتدا زۆرترین ژمارەی خەڵکی ناوچەکە دەستگیرکران‌و بەژن‌و منداڵ و پیرو گەنجەوە شونبزرکران. هەر بۆیەش ئەم رۆژە لەهەموو ساڵێکدا کراوەتە رۆژی یاد کردنەوەی کارەستی ئەنفال لەکوردستاندا)[18]. ناوچەی سەنگاوکە بەتەنها 93 گوندی لەخۆوە گرتبوو (85) یان لەپێش شاڵاوەکاندا نزیکەی (18) هەژدەهەزار کەسی تیادا دەژیان کەزۆربەیان لەشاڵاوەکان تیادا چون‌و شونبزرکران، ئەو گوندانەی کەلەناوچەی سەنگاو بەرشاڵاوەکە کەوتن ئەمانە بوون (دەرەوار، بانەمورد، پێنج ئەنگوستی، حاجی محەمەد ئاغا، پێنج ئەنگوستی شێخ مستەفا، هەنجیرە، سێگومەتان، کێڵەبەرزە، دەرزیلە، قەلاگە، دار بەڕوو). کەبەسەدان لەخەڵکەکانیان دەسیگرکران‌و بۆ چەمچەماڵ بردران، هەروەها هەندێك پێشمەرگەش کەلە پەلامارەکەی قادر کەرەم‌و باکوری گەرمیان بەرەو باشور هەڵاتبوون بۆ خۆ دەرباز کردن دەسگیرکران‌و شونبزرکران، ناوچەکانی باشوری گەرمیانیش کەهاوسنوورە لەگەڵ ناوچە بەعارەبکراوەکانی دیالەدا لەبەرە بەیانی 9ی نیساندا بەچەند هێزێکی گەورە لەشارۆچکەی کفری‌و کەلار وپێنازو پونگەڵە کەوتنەڕێ، ستراتیژیەتی سەرەکی سوپا لەم هێرشانەدا هەمان ستراتیژییەت‌و تاکتیکی پەلاماری باکوری گەرمیان بوو کەبریتی بوو لەپرۆسەی ئابلۆقەدانێکی گەورەو فراوان لەچەندین لاوەو لەیەك کاتداو دەستکردن بەکۆمەڵ گرتنی خەڵکەکەو دواتر روخاندن‌و تەختکردنی گوندەکان‌و وتاڵان کرد نیان، فەرماندەی هێزەکانی کفری بەسەرپەرشتی لیوایەك بوە کەناوی سامی بووەو نازناوی نەناسراوەو سەربە فەیەلەقی یەك بووە کەفەریق روکن سولتان هاشم سەرکردایەتی دەکرد.

لە10ی مانگ نزیکەی (20) گوندی ناوچەکە بەتەواوی تەختکران لەوانەش گوندی (چوارشاخ، عەلیانی تازە، توکن، میل قاسم، دوڕأجی، بەڵگەی گەورە، بەڵگەی بچووك، ئۆمەڕبل،.. هتد..) هێزەکانی فەروجی پیادەی سەربازی (وحدة المشاة) 417و 418و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی 100، 131، 197 بەشداریان لەوهێرشانە کردوەو گوندەکانیان داگیر کردو خەڵکەکەشیان شونبزرکرد.

هێزی هاوبەشی دووەم کەلە کەلارەوە دەرچووبون بەسەرپەرشتی نەقیب (عبدعواد)ی فەرماندەی یەکەی پیادەی 417 لە 11 ی نیساندا هێرشی کردە سەرگوندی‌دوڕاجی کەماوەی چەند میلێك لەخۆرئاوای گوندی ئۆمەربلەوە دوربوو، لەوێ خەڵکەکە دەستبەجێ خۆیان دابوە دەست سوپاو راگوێزرانە ئەو ئۆردوگایە تایبەتە ئامادەکراوانەی کەلەنزیك فیرقەی پیادەی 21 بوو.

لە13 ی مانگ هێزەکە گەیشتە گوندی کۆڵەجۆ، بەرلەگەیشتنی هێزەکەخەڵکەکە کەهەندێك کەلوپەلیان لەگەڵ

خۆ بردبوو بەرەو کۆمەڵگەی سمود ڕاپانکرد بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنها ڕێگای نێوان کفریو کەلار مابۆوە بەناچاری ڕووەو گوندی ملەسورە چون لەگەڵ گەیشتنی هێزەکە بەکۆمەڵێك بلدۆزەر گوندەکەیان روخاند لە17ی مانگیش گوندی کونەکۆتری ویران وتالآن کردو خانووەکانیخاپوورکردو ئەو خەڵکەش کەدەسگیرکرابوون شونبزرکران.

لە18 یان 19 نیساندا هێزەکانی کفریو کەلار بۆماوەی 10 رۆژ لەئەنفالی سێهەمدا ئەرکەکانی خۆیان تەواو کرد، هەرچی گوندی ناوچەکانی سەنگاوو باشوری گەرمیان هەبوو تەختکران، بۆ سوێندیش تاقە گوندێکی تیادا نەما، ئەو هێزە پێشمەرگەیەش کەناو ناوە بەرگری دەکرد دواتر تێکشکێنران چونکە سوپا هێزەکانی خۆی دوو ئەوەندە زیاد کردو چەكو تەقەمەنیەکی بێئەندازەی خستە بەردەستیان.

رژێمی عێراق دوای دەسگیرکردنو ڕاگوێزانی خەڵکی ئەو ناوچانە هەڵسا بەئەنجامدانی هەڵمەتێکی راگەیاندنو پڕوپاگندەی بەربڵاو کە وا ئەوانەی دەستگیرکراون (تێکدەرە ئێرانییە گیراوەکان)نو بۆ ئەم مەبەستەش هەڵسا بەوێنەگرتنی خەڵکە گیراوەکەو نیشاندانیان لەسەرشاشەکانی تەلەفزیۆن بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك و دوبارە لێدانەوەی فیلمەکە. تائەو کاتەی ئەنجوومەنی ئاسایش نەتەوەیەی (المجلس الامن القومي) عێراقی بەنوسراوی (نهێنیو شەخسی) ژمارە ل. ش. د/ 397 لە 2 مایسی 1988 بۆ وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ وێنەیەك بۆ لیژنەی کاروباری باکوری سەربەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو بەرێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی (مديرية الامن العامة) گلەییو گازاندە لەوە دەکات کەنیشاندانی ئەو فلیمانە زیانبەخشەو رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کەخەڵکی هەڵوێست وەربگرنو خۆپیشاندان دژی حکومەت ساز بدەن.

شاڵاوەکانی ئەنفالی چوارەم: هێرش بۆ سەر دۆڵی زێی بچوك لە3 تا 9ی مایسی 1988[19].

دوای ئەوەی لەئەنفالی سێیەمدا رژێم توانی ناوچەی گەرمیان بەتەواوی داگیربکاتو گوندو دێهاتەکانیش سەرتاپا خاپوورو وێران بکاتو نزیکەی (30) هەزار کەسیشیلیٚ بێسەرو شوێن بکات، دوو هەفتەدوای ئەوە لە3ی مایسدا رژێم شاڵاوێکی تری دەست پێکرد بۆ سەرناوچەکانی دۆڵی زێی بچوك کەلەچەند شارۆچکەیەکی وەك (ناحیەی ئاغجەلەرو تەقتەقو رێدارو هەندێك گوندی وەك (عەسکەرو گۆپتەپە و گوندەکانی دەشتی کۆیە) پێك دێت.

لەئەنفالی چوارەمدا سوپای عێراق ورەی زۆر بەرزبۆوە ئەویش دوای ئەوەی لە17و 18نیساندا توانی لەهێرشێکی پێچەوانەی بەرفرواندا کەوا دەیان هەزار کەس بۆنە قوربانی، نیمچە دورگەی فاو لەژێر کۆنترۆڵیٚ ئێران بسەنێتەوەو دواتر ئێران ناچار بکات کە بێتە سەرمێزی گفتوگۆو لەسەر ڕاگرتنی شەڕی هەشت ساڵە ڕەزامەندی دەرببڕێت.

لەرۆژی3ی مایسدا کەرۆژێکی بەهاری جوانو دلگیربوو گوندی گۆپتەپە[20]. کەوتەبەر هێرشی ئاسمانی فرۆکەکانی رژێم، پێش گۆپتەپە، گوندی عەسکەر کەچەند میلێك لەو دوور بوو کەوتە بەر شاڵاوی پۆلێك لەفرۆکەی مێكو بۆمبابارانکرا، لەم هێرشەی فرۆکەکاندا هەشت تەقینەوە ڕوویداو دووکەڵی سپی چوە بەرزایی ئاسمانەوە، بۆنێکی خۆشی ناعناعی لێهات، لەم کاتەدا ئەو بایەی کەلە باشوری رۆژهەلاتەوە هەڵی کردبوو، بەرەو گوندی (حەیدەربەگ) ڕایماڵی کەچەند میلێك لەویٚ دور بوو بوە هۆی کوشتنی (9) کەس، هەر ئەو دەمەش ئەوپێشمەرگانەی کە لەویٚ بوون دەستیان کرد بەلێدانی دەرزی ئەترۆپین لەوکەسانەی کەبەر گازەکە کەوتوون، بەکار هێنانی ئەم چەکی کیمیاییە سەرەتای دەستپێکردنی ئەنفالی چوار بوو.

کاتژمێر (5ر45) دەقیقەی ئێوارەی هەمان رۆژ لەلایەن شەش فرۆکەی عێراقیەوە گوندی گۆپتە پەش کەوتەبەر هێرشی کیمیایی، ئەوانەی ئەو بۆردومانەیان بینیبو وێنەی بۆردومانەکەبەوە دیار یدەکەن، کە دوای تەقانەوەی

بۆمبەکان دەنگەکانیان ئەوها زل نەبووەو بۆنی سیریش هاتوە، هێزەکانی پێشمەرگە ئامۆژگاری خەڵکەکەیان کردبوو کەلەکاتی کیمیا باراندا ڕوەو ڕوبارەکە هەڵێنو دەم وچاوی خۆیان بەپەرۆ تەڕبکەن کە ئەوەش خۆشبەختانە بوە هۆی دەرباز بوونی کۆمەڵێك خەڵك لەو کارەساتەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی (300) لاشە لەقوربانیانی چەکی کیمیایی نێژراوە هەروەها لەبەر ئەوەی بۆمبێك کەوتبووە ناوروبارەکە. ببوە هۆی ئەوەی کەچەند لاشەیەك لە روبارەکە بدۆزرێتەوە ئەوە وێرای پڕبوونی زێیەکە لەماسی مرداربوو. زۆربەی ئەو خەڵکەش کە هەڵاتبوون گەیشتنە چارەنووسێکی مەرگەساتییەوە، بەتەنها 50 خێزان لەخەڵکی عەسکەر لەبەیانی 4ی مایسدا لەلایەن هێزەکانی رژێمەوە لەسەرجادەی سەرەکی گیرانو بەرەو رۆژهەلاٌت گوێزرانەوە بۆ کۆمەڵگەی سوسێ، دوای کیمیا بارانکردنی گوندەکانو وێرانکردنیان، بەشێوەیەکی لەناکاوو کتوپڕدا ئاوی زێ خێرا زیادی کرد، دیارە ئەوەش یەکێك بوو لەفرتوفێڵە هەرەزۆرەکانی رژێم بۆ ئەوەی بەسە رکورددا زاڵ بێت، رژێم لەم کاتەدا دەرگاکانی بەنداوی دوکانی کردبۆوە ئەویش بۆ رێگەگرتن لە هەر هەوڵدانێك بۆ پەڕینەوە لەڕووبارەکە بەنیازی هەڵاتنو دەرباز بوون.

دوای هێرشی زەمینی سوپا بۆگوندەکانو کاولکردنیان، ئەولاشانەی کەبەهۆی گاز بارانەکەدا مابونەوەو خەڵکەکە بەهۆی ڕاکردنیان نەیانتوانیبو بیانشارنەوە، لەگۆری بەکۆمەڵ لەلایەن سوپاوە بۆیان لێدرا نێژران.

دوای ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە گوندەکانیان وێرانکرا، روویان کردە ئەشکەوتو دەشتو لێرەوارەکان، ئەویش بەمەبەستی خۆ حەشاردانو رزگار بوون لەتووونی مەرگو بەرداشی کارەساتی بەڵام رژێم بەشوێنیان داچوو گەلێك ئاواتی درندانەی دژیان ئەنجامدا کەلەمێژووی مرۆڤایەتیدا مەحاڵە تاوانی واڕووی دابێ. (لەوانەش سوتاندنی دوو پیرەمێردی تەمەن 70 ساڵەی گوندی موخەڕەس کە 10 میل لەرۆژهەلاتی تەقتەقدایە دوای کوشتنیان لەئەشکەوتی (بزن)ی شاخی گۆڕ رەحمان)[21].

لەم ئەنفالەدا لایکەم دەدوازدە هێزی یەکەی سوپای جیاجیا لەچەند لایەکەوە هێرشیان برۆدتەسەر ناوچەکانو ولەیەك کاتیشدا، دوای ئەوەی رژێم هەردوو گوندی گۆپتەپەو عسکەری وێرانکرد، هەندێك لەهێزەکانی سوپا لەکۆیەوە بەرەو گوندەکانی لیواری باکوری زێی بچوك رۆیشتن، بەشێکی دیکە کەلەباشورەوە مۆڵی خواردبوو لەسوسێو چەمچەماڵەوە پێشڕەویان کردو دووهێزیش لەتەقتەوە دەرچوون، یەکێکیان بۆ باکوور ڕوەو کۆیە و ئەوی دیکەش لەزێ پەڕیەوە بۆ ناوچەی شێخ بزێنی (بەگوێرەی راپۆرتەکانی فەرماندەی فەیلەقییەك تەنها لەچیای تەکەلتوو بەرگرییەکی توندی سوپا کراوە ئەگەر نالەزۆربەی جێگاکانی تر بەرگری زۆر لاواز هەبوە، هەروەها لە سوسێ لەچەمی رێزان لەگوندەکان بەرهەڵستی سوپا کراوە وەك گوندەکانی سوورقاوشانو عەودالانو کەلەبەش کە پاشتر وێرانکران، گوندی تەلانیش سوتێنرا، دۆڵی چەمی رێزان لەئێوارەی 4ی مایس بەتەواوی کپکراو لە6ی مانگ تەواوی ناوچەکە لەلایەن سوپاوە دەستی بەسەر داگیراو زۆربەی خەڵکەکەی شونبزرکران، دوورۆژ دواتر واتە 8ی مانگ سوپا کۆتایی بەشاڵاوی چوارەم هێنا)[22].

بەدرێژایی زێی بچووك لەهەردوولادا بەتەواوی کاولو وێرانکرا، ئەوانی لای باکور کەمتر ڕێگای دەرباز بوونیان بۆ رەخساو زۆر بەخراپی بەرشاڵاوەکە کەوتن ونزیکەی 1680 هەزارو شەش سەدو هەشتا کەس ناونووسکراوە کە بێسەرو شوێنکراون لەگوندەکانی (کلێسە، بۆگد، کانی نبی، قزلۆو، کانی هەنجیر، گۆمە شین) هەروەها سەدانی تر لەگوندەکانی (گڵناغاج، گرخەبەر، جەلمۆرت، قەسرۆك، قامیشە) هەمان چارە نوسیان هەبوو، بەپێی راپۆرتی دەسنووس ژمارە (8280)ی 6ی مایسی 1988 لەفەرەماندەی فەیلەفی یەکەوە بۆ عەمەلیاتی سوپا زانیاری ئەوەی تیادایە کەخەڵکەکە چەندیان ئافرەت ومنداڵ بوون، بێجگە لەسیوحەوت تێکدەر، راپۆرتەکە تێبینی ئەوەی داوە کە ئەوانەی ئەو رۆژە لەنزیك تەقتەق خۆیان بەدسەتەوداوە60پیاو 129 ئافرەتو 396 منداڵ بوون[23].

هەرچی شتی بەنرخیش هەبوایە ئەوا لەخەڵکەکەیان دەسەند، ماڵ وسامانیشیان بەتاڵان بردن و خانوەکانیشیان

گرتێبەردان، لەیەکێك لەگوندەکان لەسەر دزیو تالآنو لێسەندنی پارەو زێرو خشڵ جاشێك نارەزایی دەربڕیبوو، ئەفسەرێکی سوپاش بەتوڕەیی پێی وتبوو ئەو خەڵکانە بۆ کوشتن دەبردرێن. ناتوانن پارەو ئاڵتونەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن، چونکە یاسای دەوڵەت دەڵێت دەبێ ئەمانە لەناوببردێن. سەرەڕای ئەوە جاشەکەچەککراو موستەشارەکەش پێی گوت، ئەمە قانوونی دەوڵەتی ئێمەیەو تۆناتوانی هیچ شتێ بکەیت.

پاش ئەوەی سوپا بەدڕندانە ترین شێوە گوندەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی تەقتەقی وێرانکردو ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکەی سەرنگوم کرد ئینجا ڕووەو دێهاتەکانی ناوشوانو ئەو (76) حەفتاو شەش گوندە بۆوە کەلەمانگی (10) ی ساڵی 1987 چەندینیان ڕوخێنرابوو، خەڵکەکانیشیان بۆ کۆمەڵگە زۆرە ملێکانی دارەتوو بنەسڵاوەی نزیك شاری هەولێر ڕاگوێزرابوون.

زۆر لەگوندەکانی ناوچەی شوان نەبووبونە (ناوچە ڕزگارکراوەکان) ئەویش لەبەر باری جوگرافی زەویەکانیان کەتاڕادەیەك لەئاستی نزمی دابوو، ئەو ناوچەیە هەرجارەو لەژێر دەسەڵاتی یەکێك دابوە. جارێك پێشمەرگە، جارێکی تر هێزەکانی ڕژێم، هەروەها بوە مۆڵگەو جێگای سەدان ئەو کەسانەی کەلە ڕاژەی سەربازی هەڵاتبوون، گوندی دەڵۆی ناوشوان کەخۆی هەشتا ماڵێك دەبوو نزیکەی پەنجا شەست سەربازی هەڵاتووی لێ بوو، ئەم گوندە پێشتر دووجار تێکدرابوو دوبارە دروستکرابۆوە، جاری یەکەم لەساڵی 1963و جاری دووەم ساڵی 1976، ڕۆژی 5ی مایس شاڵاوەکانی ئەنفال گەیشتە ئەو گوندە کەپێشتر بەشێوەیەکی چڕو پڕ بەموشەکو تۆپو هەڵیکۆپتەر بۆمبابارانکران.

دواتر هێزی تایبەتی 77 وهێزی زەمینی پێشڕەوییان کرد، هەندێك هەر لەماڵەکانیاندا کوژران، لەم هێرشەدا بیستو هەشت کەس گیرانو بێسەرو شوێنکران.

لەناوشوان ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك خۆشبەختانە لەدەست شاڵاوەکان ڕزگاریان بوو، بۆنموونە لەگوندی پەلکانەو گوندی ئیلنجاغ کەژمارەیەك سەربازی هەڵاتووی تێدابوو، ئەم خەڵکە دەربازبووە ماوەی دوو مانگ لە ناوچەکەخۆیان شاردەوە تاکو لێبوردنەکەی 6ی ئەیلولی 1988.

(ڕاپۆرتو بەڵگەنامە سەربازییەکان (138) سەدوسیو هەشت گوندیان باسکردووە کەلەئەنفالی چوار سوتێنراونو ڕوخێنراون وپاکتاوکراون سەرەڕای ئەم وێرانکارییەی گوندەکان هەزاران ژنو منداڵو پیرو گەنجیش شونبزرکراون، بەپێی خەملاندنێك زیاتر لە 2500 دووهەزارو پێنج سەدکەس لە دەشتی کۆیەو (3000) سێ هەزار یش لەناوچەکانی شێخ بزێنیو قەڵاسێوکەو ناوشوان شونبزرکراون)[24].

لەم شاڵاوەدا وەکو شاڵاوی پێشوو (سێیەم) سیاسەتی کۆکردنەوەی خەڵك پەیڕەوکراوە، کەچەندین شوێنیان دەکردە مەڵبەندی مامەڵەو تاوتوێکردنی خەڵکەکە بۆ لەیەکتر جیاکردنەوەو ڕاگوێزانیان بۆ شوێنی نادیار، پتر لەسێ مەڵبەند بۆ دەسگیرکراوان ئامادەکرا بوو، گیراوەکانی گۆمەشینو گوندەکانی دیکە ماوەی سێ ڕۆژ لەهەرمۆتەی لای کۆیە هێشترانەوە، هەروەها خەڵکی دەربازبووی کیمیابارانەکەی 3ی مایسی گۆپتەپەو عەسکەریش، کۆمەڵگەی تەکیەی لای چەمچەماڵ یەکەم قۆناغی ڕاوەستانیان بوو، کەبەئیڤا دەگوزرانەوە،هەروەها ناحیەی تەقتەقیش مەڵبەندێکی گرنگ بوو کەنزیکەی (10000) دەهەزار کەسی لەگیراوانی باکوری زێی بچوکیان بۆ گواستەوە، پاشان بەپێی قسەی چەند شایەت عەیانێك کەخۆیان بینیویانە خەڵکەکەیان ڕەوانەی ئامریەی کۆیە کردبوو کەقەڵایەکی سەربازییە وەك چەندین قەڵای لەم چەشنە لەوێ خەڵکی گیراوی پتر لە (12) دوازدە گوندی هەردوو لای زێ بەندکراون، پاشان ژنو پیاو لێك جیاکراونەتەوەو ڕۆژی پاشتر بۆشوێنی نادیار گواستراونەتەوە شوێنێکی تریش کەسەدان خەڵکی تێدا کۆکرابۆوە شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوو، لێرە هیچ لێکۆڵینەوە لەگەڵ خەڵکەگیراوەکە نەکراوە، لەبەرکەمی ژمارەی سەربازەکانیش نەتوانراوە ژنو پیاو لەیەکتر جیابکرێتەوە. شاڵاوی ئەنفالی چوارەم وێرای زەرەری گیانی کەبەسەدان کەسی تیایدا شونبزرکران، هاوکات زەرەروزیانێکی مادی زۆریش لێکەوتەوە

چونکە هەموو ماڵو موڵکی خەڵکەکە تالآن کرانو عەقلیەتی شۆڤێنستی رژێمیش بەحەڵاڵو رەوای زانی.

شالآوی ئەنفالی پێنجەمو شەشەمو حەوتەم

دۆڵی نێو چیاکانی شەقلاوەو ڕواندز لە 15ی مایس تا 25 ئابی 1998[25]. دوای هەفتەیەك لەکۆتایی هاتنی شالآوی ئەنفالی چوارەم کەتیایدا رژێم زۆربەی زۆری خاکی کوردستانی داگیرکردو گوندو دێهاتەکانیشی وێرانکردو خەڵکەکەشی شونبزرکرد، ئەم جارەیان هێرشی کردە سەر دۆڵە سەختەو دژوارەکانی ناوچەی شەقلاوەو رواندز. لەناوەڕاستی مایسی 1988 شالآوەکانی ئەنفال گەیشتە بالیسانو دۆڵەکانی دەوروپشتی کەبەتوندترین شێوە لەلایەن سوپاوە بۆردومانکرا، بەلآم خەڵکێکی زۆر وەکو شالآوەکانی ئەنفالی پێشوو دەستگیر نەبوون وشونبزریش نەکران، چونکە ئەو دەمە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای هەولێر چۆڵ بوونو دانیشتوانی کوردیان لەدوو هەڵمەتی راگواستن یەکەمیان لەساڵانی 1977-1978و دووەمیش لەساڵانی 1983-1984دا رامالێبوو، هەروەها دۆڵەکانی باشورو باشوری رۆژهەلاتی رواندز خەڵکەکەیان بەزۆری چۆڵیان کرد پاش هێرشە کیمیاییەکانی نیسانی 1987.

کاتژمێر 6ی ئێوارەی 15ی مایسی 1988 کە دوا رۆژی مانگی رەمەزان بوو خەڵکی خۆیان بۆ جەژن ئامادەکردبوو، کەپەلامارەی سوپا دەستی پێکرد، فرۆکەکان زۆر بەتوندی گوندەکانی (وەرێ، نازەنین، کاموسەك، ئەسپیندار، عەلیاوا، سمقاولی، بۆنێ) یان کیمیاباران کرد، بەتەنیا لەگوندی وەرێ 36 کەس کوژران، گوند نشینێکی هەرتەل دەڵێت، کاتێ بەهاواری خەڵکی وەرێ چوین، چوار پێنج کەس لەرەزێکی نزیکی گوند لەئاوزینگدا بوونو گیانیان دەدا، سێ کەسیش مردبوون، کەگەیشتینە ناو گوندەکە دەبینین خواردن لەماڵەکاندا هێشتا لەسەرئاگرە، چەند ئاژەڵ لەو ناوەمردار ببونەوە. ئافرەتێکیش فرۆکەکانی بینیبوو کە بۆمبەکانیان هاوێشتبووە وەرێ، ئافرەتەکە دەنگی بۆمبەکانی لاوەکو دەنگی ئۆتۆمۆبێلێك بووە کەزۆر بەخێرایی بڕواو لەناکاو پێ بنێ بەبرێکەوە، پاشان لە23ی مایسدا شەپۆل شەپۆل فرۆکە بۆمبی کیمیاییان بارانده سەربالیسانو هیرانو دۆڵەکانی دیکەی دەوروبەریاندا، پەلامارەکە زۆر سەخت بوو ئەوەش بوە هۆی کوژرانی هەندێك لەپێشمەرگە کەبنکەو بارەگاکاینان لەوێ بوو.

لەدوای 20ی مایس سوپای عێراق لەچەند قۆڵێك هێرشی کردە سەر ناوچەکان، قوڵی یەکەم بۆ گوندی گەروان کە نیازی شاخەکانی دەوروبەریو هەندرێنو کاروخ بوو داگیریان بکات. قۆڵی دووەمیش لە23 یمانگ لەهەلەموند بۆ وەرتێ وزینێ گەلیو سەری ئەحمەدە دەربی و جاوەلو دەرە لە وکەلیتە، کەئێوارەی 23ی مایس گوندی وەرتیێ کیمیابارانکرد، بەلآم قۆڵی سێیەم لەسەرو چاوەو بەنی هەریرو خەلیفان بەشێوەی بازنەیی بوو، ئەم هێرشە نزیکەی (720) حەوت سەدو بیست خێزانی دەربەدەر کردو ماڵیشیان تالآن کرا.

ئەوانەی لەئەنفالی پێنج دەستگیرکران یاخود خۆیان دادەست هەندێکیان لەسەربازگەی سپیلكو هەندێکیش لەگرتووخانەی ئەمنی هەولێر شونبزر کران، بەلآم هێزەکانی رژێم نەیانتوانی وەکو لە ئەنفالەکانی پێشوو توانیان رێگا لە هاولآتیانی مەدەنی بگرن تاوەکو ڕانەکەن، بۆیە زۆربەیان رێگای ئێرانیان گرتە بەر، دیارە ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ سروشتی جوگرافی ناوچەکە کەهەموو بەرنامەو مەرامەکانی رژێمی پوچەڵ کردەوە، بەڵگەنامەکانی رژێم ئەوە دەردەخەن کەوا شالآوی ئەنفالی پێنجەم سەرکەوتنی گەورەی وەدەست نەهێناوە ئەوەش لە بەڵگەنامەیەکی دورو درێژی سەربازی دەردەکەوێ بەناو نیشانی (شیکردنەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی) کەراپۆرتێکە (لیوا روکن یونس محمد الذرب) فەرماندەی فەیلەقی پێنج لەچەشنی (ئەو پەرێ نهێنی و شەخصی) (سری وشخصي للغاية). بۆ فەرماندەیی گشتیی سوپای ناردووە.

راپۆرتەکە لەناوەرۆکدا پێداچوونەویەکی بەکەفو کوڵە بۆ ئەو پەلامارە کەمتەر خەمیەی کە لەناوچەکانی

باكوری ژێر دەستەڵاتی **KDP** دا لەنێوان 28 ی ئاب و 3ی ئەیلولی 1988 ئەنجامدرا، وەكاتێك دێتە سەرئەنفالی پێنجەم ئەوە باس لەڕادەبەدەردواخستنی پاكتاوكردنی كەرتی رواندز – شەقڵاوە دەكات، هەروەها وێنەی زنجیرەیەك لەدوای یەكەكانی قۆناغەكانی ئەنفال وەبیردێنێتەوە.

دوای ئەوەی لە 7ی حوزیران شاڵاوی ئەنفالی پێنجەم كۆتایی پێهات رژێم خۆی بۆ ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفالی شەشەم رێكخست، لیوا روكن ئەلزەرب بەم جۆرە پلانی ئەنفالی شەشەم لەنامەیەكی نهێنی وشەخسی ژمارە 1475 لە 30ی مایسی 1988 بۆ سەرۆكایەتی دەستەی ئەركانی سوپا رون دەكاتەوەو دەنوسێت، پلان بۆ پرۆسێسێكی پاككردنەوەدانرا بەمەبەستی تێكشكاندنی تێكدەران لەدۆڵی بالیسان و ئاڵانەدا، بەڵام دواتر لە7ی حوزێران داوا دەكات كە ئەو پرۆسێسەرابگیرێت وشاڵاوەكەش دوابخرێت تاكاتێكی گونجاوترو لەبارتر، بەڵام سەرۆكایەتی دەستەی ئەركان بەنامەی ئەوپەری نهێنی وشەخسی خۆی ژمارە 519 لە7ی حوزیرانی 1988دا فەرمانی دا نەخشەكە جێبەجێبكرێت بۆ تێكشكانی تێكدەران لەناوچەكانی بالیسان و سماقوڵیدا.

دیارە هۆی سەرەكی ڕاگیرانی شاڵاوەكە ئەو بەرەنگاریبوونەوەی هێزی پێشمەرگەبوە لەچیای كۆڕەك و دەوروبەریدا كە بەرزییەكەی نزیكەی 7000 مەتر دەبێت..

لایەنی هەرە گرنگی ئەم شاڵاوەی ئەنفالە هاتنەناوەو دەست تێوەردانی راستەوخۆی سەرۆكی رژێمی عێراق سەدام حوسێن خۆیەتی، چونكە لەبروسكەو نامە نهێنیەكەی جەنەرال ئەلزەرب هاتبووكە شاڵاوەكە دوچاری گرفت و ئاستەنگ بوو بۆە، ئەوەتە ئەلزەرب لەنوسینەكەیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت لەراگەیاندنی نهێنی و شەخسی ژمارە 14671 لە16ی تەموزی 1988دا لەدیوانی سەرۆكایەتی كۆمارەوە كەدەستەی ئەركانی سوپا بە نامەی نهێنی وشەخسی ژمارە 861 لە 20ی تەموزدا ئاراستەی كردوە پێیان راگەیاندین كەوا عەمەلیاتی ئەنفال لەدوای جەژنی قوربانەوە دەبێ بەگوڕو تینێكی زۆرترو قەبارە گەورەتر ئەنجام بدرێت..

بەڵام جەژنی قوربانیش تێپەڕی كەچی هێرشەكان هەر ئەنجام نەدران، دواتر لەكۆبوونەوەیەكی یاریدەدەری سەرۆكی دەستەی ئەركان بۆ كاروباری عەمەلیات و بەرێوەبەری جموجۆڵی سەربازی كەلە 29ی تەمووزی 1988 لەبارەگای فەیلەقی یەك لەكەركوك بەسترا تیایدا بەگوێرەی ڕاگەیاندنی نهێنی ژمارە 943 لە29 تەمووزدا عەمەلیاتی ئەنفالی شەشەم و حەوتەم دواخرا بۆ ئەو كاتەی پێداویستییەكانی عەمەلیاتەكە دابین دەكرێن.

مەترسیترین ودژوارترین كات كە خەڵكی كوردستان تیایدا ژیا ئەو دەمەبوو كەشەڕی ئێران– عێراق راوەستا كەئەوكاتە لەسەروبەندی دەستپێكردنی ئەنفالی شەشەم و حەوتەم بوو، دوای ئەوەی لە17ی تەمووزی 1988 ئێران بڕیاری 598ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكانی، قەبوڵ كردو دواتریش لە 8ی ئابی 1988 بەشێوەیەكی ڕەسمی شەڕ ڕاوەستا، ئەو بارودۆخە كاریگەرێكی نێگەتیڤانەی كردەسەر ورەو هێزی پێشمەرگە، ئەوە بوو پلانێك داڕێژرا بۆ پاشە كشەكردن،چونكە هێزی پێشمەرگە باش دەیزانی كە سوپای عێراقی دەستی بەتاڵ بێت چ كارێك بەكورد دەكات ئەوە بوو هێزی ئاسمانی عێراق كەوتە هێرشكردنێكی زۆر سەخت و بەهێز، بەچەكی كیمیایی دیسان چیاو دۆڵەكانی بالیسان، مەلەكان، وەرتێ، هیران، سماقوڵی كوتا، ئەوانەی كەلەوناوچانە بوون ڕایانكرد، موستەشارێك بەخەڵكەكەی ڕاگەیاند كە ئەگەر هاتو خۆیان بەدەستەوە بدەن و چەكەكانیان تەسلیم بكەنەوەئەوا بەبەر لێبوردنەكە دەكەون و حكومەت لێیان خۆش دەبێت.

ئەوانەی بەو بانگەوازە بڕوایان كردو خۆیان داوە دەست و دواتر دانپیانێكیان (اعترف) پێ مۆركردن كەوا بەراستی پێشمەرگەن هەموویان بێسەرو شوێنكران.

(لەمیانەی شاڵاوی ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و حەفتەم زیاتر لە (52) گوند لەناحیەكانی خەلیفان و رواندز و خۆشناوەتی وێرانكران كەسەرجەم خێزانەكانیان (2602) دوو هەزارو شەشسەدو دوو خێزان بوو هەروەها 24 قوتابخانەو 52 مزگەوتی ئەم گواندانە روخێنرا. ئەم جگە لە سوتاندن و فەوتاندنی سەدان دار گوێزو دار بەڕوو ڕەزو

باخ کەسەرچاوەیەکی بنەڕەتی ژێر خانی ئابووری ئەوان بوون بەرەو نەمان چوون)[26].

قۆناغی دووەمی ئەنفال

شاڵاوەکانی ئەنفالی هەشتەم (ئەنفالی کۆتایی) ئەنفالی بادینان 25ی ئاب تا 6ی ئەیلولی 1988[27].

وەستانی شەڕی عێراق– ئێران پاڵپشتێکی گەورە بوو بۆ عێراق، هاوکات ورەو توناکانی هێزی سوپای بۆ رادەیەکی زۆر بەرزکردەوە، سەرکردایەتی رژێمی عێراق بەپەلەبوو بۆ تەواو کردنی پرۆسەی ئەنفالو کۆتایی پێهێنانی، عەلی حەسەن ئەلمەجید لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرۆك جاشەکان لەهۆڵی رۆشنبیریو جەماوەر لەشاری هەولێردا کە فەرماندەی هەردوو فەیلەقی یەکەو پێنجەم ئامادەبوونە لەئابی 1988دا بەموستەشارەکانی وتبوو کەوا پەلاماری ئەنفال ئێستا لەبادینان دەستی پێکردوە کەناوچەیەکی شاخاوی باکورەو سەنگەرو قەڵای مەحکەمی KDPی مەسعود بارزانییە، بەلاّم بەفەرمانی خودی سەدام حوسێن کوردی بادینان دوا مۆڵەتیان درایە کە بگەڕێنەوە بۆریزی نیشتمانی، تێکدەران لەو ناوچەیە ئەگەر خۆ بەدەستەوە بدەن ئەوە بەبەرزەیی دەکەون، شایەنی باسە یاداشتێك لەلایەن ئەمنی سلێمانی لە11ی تەمووزی 1988دا دەرچوو بوو کە چەسپاندنی ئەم سیاسەتە نوێیەی رژێمی دەردەخست سەبارەت بەخۆبەبەدەستەدانی تێکدەران، بۆ ئەم مەبەستەش ئەلمەجید چەند خاڵێکی راگەیاند بوو کە ئەمانەبوون :

1– ئەو تێکدەرەی خۆی بەدەستەوە دەداتو چەکەکەی دەهێنێتەوەو ئەوەی کەلەو ناوچانە دەگەڕێتەوە کەتائێستا پرۆسەیئەنفال نەیگرتووتەوە لەهەموو تاوانێك دەبەخشرێ، بەوتاوانانەشەوە کەلەئەنجامی کەمتەرخەمی وهەلاّتنەوە لەخزمەتی سەربازی بەرپاکراون .

2– ئەو تێکدەرەی بیٚ چەك لەو ناوچانە دەگەڕێتەوە کەوا عەمەلیاتی ئەنفال نەیگرتوونەتەوە لەتاوانی چوونەپاڵ تێکدەرانو کەم تەرخەمیو هەلاّتن دەبەخشرێت.

3– نابیٚ هیچ تەگەرەیەك بخرێتە ریٚی ناونووسین کردن لەفەوجەکانی بەرگری نیشتمانیدا.

لەراستییدا هەموو ئەو بەڵێنانەی کەوا رژێم لەسەرتای ئەنفالەوەدا بووی بۆ خۆ بەدەستدانەوە، هیچیان جێبەجیٚ نەکرانو رێزیان لێنەگیرا، تەنانەت زۆر لەهاولاّتیان کەبەو پەیمانو بەڵێنانە باوەڕیان هێناو خۆیاندا بەدەست ، چارەنووسێکی شوم رویانی تێکردو شونبزرکران.

دوای ئەوەی رژێم قۆناغی یەکەمی ئەنفالی تەواو کردو، ئەوەی بەسە رکوردی هێنا هێنالە لەکوشتن شونبزرکردنو تالاّن و خانوو وماڵ و وێرانکردن، قۆناغی دووەمی ئەنفالی دەست پێکرد کەدەڤەری بادینانی گرتەوە سنوری شالاّوی ئەنفالی بادینان لەرۆژئاواوە لەزاخۆوە تائامێدی درێژبۆوە، لەباشورو رۆژهەلاتیشەوە شێخانو ئاکرێی گرتەوە، بەهەزاران کەس لەهاولاّتیان لەترسی کیمیابارانو بێسەرو شوێنکردن ئاوارەو دەربەدەر بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەم شالاّوەش جگە لەفەیلەقی پێنجەم کەبنکە و فەرماندەییەکەی لەشاری هەولێر بوو چەند بەشێکیش لەفەیلەقەکانی سیٚو شەشو حەوت لەباشوری عێراقەوە گوازرانەوە بۆ ئەویٚ. ئەم ناوچانە لەژێر دەسەلاّتی هێزی پێشمەرگەی KDP دابوو، سروشتی جوگرافی سەختی ناوچەکە پێداویستی لۆجستیکی ئاڵۆزو کردبوو کەمەرجە دابین بێت بۆ سوپایەکی نیزامی،بەلاّم پەلاماری دژ بە KDP لەهەندیٚ سەرەوەپتەوترو دارێژراوترو راستەوخۆ تر بوو لەوەی کەبۆ تێکشانی PUK لەپێشوو سازکرا.

بەر لەدەستپێکردنی هێرشەکان هەموو ئەو یەکەو فیرقانەی سوپا لەنزیك شاری دهۆك کەوتەخۆ ئامادەکردنو چەند شوێنێکی بەبۆمبی هێشویی بۆردومانکرد، لەوانەش گوندی سپینداری قەدپاڵی چیای گارە کەچەند کەسێکی لیٚ کوشت.

لەئێوارەیەکی درەنگی 24ی ئابدا بارەگای هێزی KDPەگای لەزێوەشکان کەلقی یەکی لیَ بوو[28] بەریەکەم هێرشی کیمیایی کەوتو (10) پێشمەرگە کوژان، بۆ بەیانیش 25ی ئاب، فرۆکە جەنگییەکانی رژێم لەیەك کاتدا چەند هێرشێکی جیاجیایان دەستپێکردو بەخەستی ناوچەکەیان بۆردومانکرد، شایەت عەیانێك کەلەوناوچەیدابووە دەڵێت: لەهەمان شەودا کاتژمێر 2، 25-1988/8/26 دوانزە فرۆکەی ستونی هێرشی کردە سەر ئەوناوچانەو ئامانجەکانیان بۆردمانکرد، مەبەستی سەرەکی رژێم لەو بۆردومانەدا بلاو کردنەوەو چاندنی ترس و دڵەراوکیَ بوو لەنێو خەڵکیدا هەروەها ترسی ئەوەش هەبوو کەوا رژێم چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت، هەروەك پێشووتر لەهەڵەبجەو قەرەداغ و بالیسان بەکارهاتبوون،لەم شەوەدا خێزانە هەلاتوەکان ئەوەندە زۆربوون تەنانەت ریَگا بەدی نەدەکرا)[29].

هەروەکو چۆن لەقۆناغو شالاوەکانی پێشووی ئەنفال چەکی کیمیایی دژی هاولاتیان بەکارهێنرا، بەهەمان شێوە لەدوا ئەنفالیشدا ئەم چەکە کۆکوژییە بەکارهات کەزەرو زیانێکی گیانی زۆری لیَ کەوتەوە، گوندی برجینیَی ناحیەی زاوێتە لە25ی ئابدا کەوتەبەر چەکی کیمیایی کەلەلایەن هەشت فرۆکەوە بۆمبابارانکرا ئەوانەی بۆردومانەکەیان بینیوە دەگێرنەوە کە بۆمبەکان گەوالّو دووکەلّی ئێجگار گەورەیان لیَ بەرزبۆوە، یەکەمجار سپی و رەش بوون پاشان زەرد هەلّگەرانو بەشێوەیەکی ستوونی پەنجا شەست یارد لەئاسماندا بەرزبوونەوە ئەوجا دووکەلّەکە بەناو دۆلّەکەدا بلاوبووەوەو دواجار نزم بۆوەو بەناو گوندەکەدا تێپەری و کەوتینە بۆن کردنی گازەکە. سەبارەت بەبۆنەکەش وا دەگێرنەوە کە لەسەرتادا زۆر خۆش بووە، بۆنی سێووشتی شیرینی لیَ دەهات، بەلام زۆری پیَ نەچووکە تالّ بوەو کاری کردەسەر دەمو چاوو پێستمان لەناکاو هەناسەشمان سوا ربوو.

چەند میلێك لەباکوری برجوینەوە، گوندی (تلاکرد) بەهەمان شێوە لەلایەن فرۆکەکانی عێراق کیمیابارانکراو چەند کەسێك تیایدا بونە قوربانی و کوژران، هەروەها هەردوو گوندی (سپێندارۆکەو بەرکەڤریَ) کە لەیەکتر نزکین لەلایەن دووفرۆکەوە بەخەستی کیمیابارنکران، لەئەنجامدا چواردەپیشمەرگەو هاولاتییەکی مەدەنی کوژران.

بەشێوەیەکی گشتی نزیکەی (50) پەنجا گوند بەر خەستترین هێرشی کیمیایی کەوتن وەك (وەرمێلیَ، بلێجانیَی بانیێ، باوەرکا کەڤری، مێرگەتوی، هەڤنێکا، بیرۆزانا، درێرشیَ، مێزیَ، سپیندار، خەلیفۆ، گەرگەش، گارەگۆ، گۆرە، زێوەشکان، بەلوتی،گیزیَ، زارکیَ، رەزیکیَ، سارتکیَ،ماردینیا، شێرانە، یەکمالە، سواریَ، ئاڤۆك و چەند گوندێکی تر.).

دیارە بەسەدان کەس لەئەنجامی ئەو هێرشانەی کەبەچەکی کیمیایی کرانە سەر گوندنشینەکان گیانیان لەدەستدا، زۆری ئەو قوربانیانەش دەگەرێتەوە بۆهۆی ئەوەی کە هەردووگازی خەردەل و دەمارەگازی سیانید تێکەلّ بەیەك کرابن، هەروەها هەندێك لەپسپۆران وای بۆ دەچن کەوا لەوانەیە دەمارەگاز (غاز الاعصاب) GB کەبەگازی سارتیش دەناسرێت لەو هێرشانەدا بەکار هاتبێت.

خەلّکی ئەم دەڤەرە بەرەو رێگای بێگوڤاکانی ماسی هەلاتن، تاکاتژمێر 2ی شەوی 25-1988/8/26 خەلّکەکە توانیان دەربازبن، بەلام دواتر سوپای عێراقی ئەو ناوچانەی داگیرکردو رێگای دەربازبوونی خەلّکەکەی گرت.

باشترین شت کە هێزی پێشمەرگەی KDPکردی ئەوزنجیرە شەرە بوو کەتیایدا پێشمەرگەکان هەولّیان دەدا کۆسپ و تەگەرە بخەنەبەر پێشرەوی سوپاوخاوی بکەنەوە، بەلام فرۆکەکانی رژێم لەدوای پێشمەرگەکان بوو ناچاریان کردن کەئەوناوچانە بەجێبێلّن لەکۆتایی رۆژی 26ی ئاب شەرِ کۆتایی پێهات، بەلام ناوچەی بادینان بەتەواوی لەبەرەبەیانی 28ی ئابدا داگیرکرا.

لەئەنجامدا دەیان هەزار خەلّکی مەدەنی ئاوارەو دەربەدەری تورکیابوون ئەوانی تریان لەمالّەوە دەستگیرکران، یان پاش ماوەیەکی کەم خۆیان بەدەستەوەداو دواتریش شوبنزر کران.

(هەر لە26ی مانگدا ئەوخەلّکە لەسەر سنووری تورکیا گیرسایەوە، دەسەلاتدارانی تورك سەرەتا نەیانهێشت خەلّکە کە بچنە ناو سنووری تورکیا، بەلام دواتر ناچار بوون کە رێگایان بدەن، نزیکەی 65000 تا.80000) هەزار

کەس توانیان بچنە ناو تورکیاوە، ئەویش دوای ئەوەی خەڵکەکە فشارێکی زۆریان خستە سەر جەندرمەو سەربازەکانی تورك کەبوە هۆی ئەوەی لێرەولەوێ چەندپێکدادانێکیش لەنێوانیاندا روبدات،خەڵکەکە ترسی ئەوەشی هەبووکە رژێمی تورکیا تەسلیم بەعێراقیان بکاتەوە، دواتر لەو کەمپانەی کە بۆیان دروستکرا نیشتەجێکران، هەروەها خەڵکی کوردستانی باکوریارمەتییەکی زۆری خەڵکە ئاوارەبوەکانیان داو زۆر لەمەینەتی‌و خەمەکانیان رواندنەوە)(30).

ئەوانەی خۆیان دا دەست وسوپا یان دەتستگیرکران، زۆربەیان بەرەو چارەنوسێکی نادیار رۆیشتن، سەبارەت بەشونبزرکردنی خەڵکی بادینان بەزۆری رەگەزی نێرینە دەگرێتەوە، بەڵام لەناوچەی دۆسکی لەگوندی کۆرفێل ئەفسەرێك (35) سی‌و پێنج کەسی لەژن‌و منداڵ وپیاو گوللە باران کرد.

ئەفسەرێکی پێشووی سوپای عێراق کە پلەکەی کۆلۆنێلە (عەقید) بە(MEW)ی راگەیاندوە کەفەرمانیان بۆ هات هەرچی پێشمەرگەیە بیانکوژین، تەنانەت ئەوانەشیان کەخۆبەدەستەوە دەدەن، هەروەها ئەو جوتیارە مەدەنیانەش کەلەناوچەی قەدەغەکراودا بوون هەر بەپێشمەرگە دانرابوون واتە تەواوی پیاوە تەمەن (15تا60) ساڵیەکان، ئەم فەرمانە تائاستی فیرقەکان بەنوسراوی ڕەسمی دابەزی بوو ئەفسەرە پلە نزمەکانیش بەزار (شفوی) ئاگادارکرابوونەوە، ئەم فەرمانە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسە رحوکمی قەرەقوشی رژێمی عێراق‌و ئەنجامدانی سیاسەتی قرکردنی (جینۆساید) گەلی کورد.

گوللە بارانکردنی گیراوەکان لەئەنفالی‌بادینان بەشێوەیەکی بەر چاوو ئاشکرا ئەنجامدراوە، ئەوەتە کارەساترین شێوە لەگوندی کورێمی ڕویداوە دوای ئەوەی خەڵکەکە خۆی داوەتە دەست سوپاوە (33) سی‌و سێ پیاوو کوڕی هەرزەکار کەتەمەنیان لەنێوان (13–43) ساڵیدابووە لەلایەن ئەفسەرێکی سوپاوە کەوا پێدەچێت دوای قسەکردن بەئامێری لاسلکی هۆکی تۆکی فەرمانی پێدراوە گوللە بارانیان بکات، بەم جۆرە ئەفسەرەکە لەو جێگا یەدا 27 کەسیان لیێ گوللەباران دەکات‌و شەشەکەی تریش دەرباز دەبن لەگوندی مێرگەتوشدابەهەمان شێوە دوای ئەوەی خەڵکە کە دەستگیر دەکرێت ژن‌و پیاو لەیەکتری جودا دەکرێنەوە دواتر ئەو پیاوانەی کەتەمەنیان لەژوور پازدەساڵی دابووە دەسبەجێ گوللە بارانکران.

ئافرەتێکی گیراوی بەندیخانەی سەلامیەی شاری موسڵ کەوا پێدەچێت نزیکەی (12000) هەزا ر بەندکراوی لیێ بوبێت دەگێرتەوە کەپیاوەکان لەم بەندیخانەیە بەدەست وچاو بەستراوی راپێچی ناو ئۆتۆمۆبێلی پەنجەرە تاریك کران‌و بۆ شوێنی نادیار بردران پاشماوەیەکی کەم دەنگی دەستڕێژی گوللە دەستی پێکرد کەوا پێدەچێت کۆمەڵکوژیان کردبن.

بەم جۆرە شاڵاوەکانی ئەنفال، بەئەنفالی بادینان لە 6/ ئەیلولی 1988 کۆتایی پێهات، ئەم ئۆپەراسیۆنە قاتوقڕییە کوردستانی وێرانکردو ژێرخانی ئابوریشی لەبنەچەوە هەڵتەکاندا، ئەنفال تاوانێك بوو کەدنیا بێ دەنگی لێکرد ،بەڵام بۆ مێژوو **ڕوداوێکی** وابوو مەحاڵە کەلەیادبکرێـت.

سەرچاوەکان:

(1) دوای راپەڕینی گەلی کوردستان لەبەهاری 1991و ئازادکردنی شارو شارۆچکەکان گەلێك بەڵگەنامەو دیکۆمێنت کەوتنە بەر دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەم بەڵگەنامانە لەساڵی 1992 تەسلیم بەرێکخراوی چاودێری رۆژهەلاتی ناوەڕاست کران کەبریتی بوو لە(14) چواردە تەن‌و خرابوونە (847) سندوقە وەو ژمارەی لاپەڕەکانی زیاتر لە (4) ملیۆن رەتی دەدا دواتر گواسترانەوە بۆ نیوێۆرك وئێستا لەئەرشیفی نیشتمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

(2)نەزار خەزرەجی: سەرکردەیەکی سوپای عێراقی بوو، پلەی سەربازییەکەی فەریق روکن بوو گەیشتۆتە سەرۆکی

ئەركانی سوپای عێراقی، بەپێی زۆر لەبەڵگەنامەكان لەشاڵاوەكانی ئەنفال بەشداری كردووە، لەدوای شەڕی كەنداوی دووەم بۆ دەرەوەی عێراق رایكردووەو ئێستا لە ولاتی دانیماركە، بەم دواییە كۆمەڵێك شكایەتی لەسەر پرۆسەی قڕ كردنی كوردان (جینۆساید) لەسەر تۆماركراوەو ئێستا چاوەڕێی دادگاییكردنە لەیەكێك لەدادگاكانی ئەم ولاتە،بەپێی لێداوانەكانی ئەم دوایەی خەزرەجی ژمارەی ئەنفالكراوەكان دەگاتە (300) هەزار كەس بڕوانە رۆژنامە هاولاتی، ژ (43) رۆژی 2001/10/7.

(3) MEW، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (17).

(4) د. رەشاد میران ، م. یوسف دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (18).

(5) بۆ زانینی تەواوی ئەم شالاوە بڕوانە MEW سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (189–202).

(6) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە MEW سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (221–241).

(7) قەرەداغ شوینێكی ئێجگار جوانو دڵگیرە، زنجیرەیەك شاخی مشار ئاسا كەنزیكەی 70 میلێك بەرەو باشوری رۆژهەلات دەكشێ، لەسالی 1987دا ناحیەكەچۆلكراو دانیشتوانیشی بۆهەردوو كۆمەڵگەی نەسرو زەڕایەن راگوێزران.

(8) قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني العراق، من جرائم القتل العام في كوردستان عام 1988، شوبات 1989، مطبعة خبات ص (10-12).

(9) د. رەشاد میران، م. یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (23–24).

(10) عەدالەت تاڵەبانی، ئەنفالو نهێنیەكان، 1999، لاپەڕە (59).

(11) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (15).

(12) بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەم هێرشانە بڕوانە (MEW)،سەرچاوەی پێشوو، لاەپەڕە(241–300).

(13) هێزی پشتگیری: لەخەڵكی مەدەنی پێك هاتبوو كەلەبنەڕەتدا پێشمەرگە نەبوون بەڵكو خۆیان چەكیان دەكڕیو دەچونە پاڵ پێشمەرگە بۆ بەرگریكردن لە گوندو دێهاتەكانیان،هەموگوندێك یەكەی بەرگریی مەدەنی خۆی هەبوو.

(14) د. رەشاد میران،م. یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە(31).

(15) قسم الاعلام في المكتب السياسى للحزب الديمقراطي الكوردستانى، سەرضاوةى ثێشوو، ص(27-29).

(16) فەرماندەیەكی سەربازی دڕندەبوو، پلەی جەنەڕاڵی لەسوپاداهەبوو ئەوكاتە فەرماندەی ئەوهێزە تایەبەتیانە بوو كەپاراستنی بیرە نەوتەكانی كەركوكی پێ سپێردرا بوو، لەئەنفالی دووەمیشدا بەشداری كردوە، لەناوەڕاستی هەشتاكانیش كاتێك شیعەكان لەباشور هەڵسان بەراپەڕین ئەو پەلاماری دانو سەركوتی كردن، لەسالی 1991 بارق گوایە دەستی هەبوە لە ئەنجامدانی كودەتایەك دژی سەدام حوسێن ئیعدام كرا.

(17) د. رەشاد میران، م. یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە(28).

(18) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (29)

(19) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە MEW، سەرچاوەی پێشوو، لاەپەڕە (303تا 336).

(20) گۆپتەپە، وشەیەكی توركییەومانای گردی سەوز دەگەیەنێ، گوندێكی (300تا500) ماڵێ دەبوو، نیمچە شارۆچكەیەك بوو دوو مزگەوتو قوتابخانەیەكو نەخۆشخانەیەكی تێدابوو، كارەباشی بۆراكێشرابوو، خاكێكی بەپیتی هەبوو، چەندین كیڵگەی بەرهەمی گەنم و جۆو توتنو لۆكەو بەرهەمی دیكەی تێدابوو، خەڵكی ئەم گوندە بەرامبەر بەزەبرو زەنگی رژێم زۆر خۆڕاگرو بەتوانا بوون.

(21) مەلا شاخی، ئەنفالی خاڵخاڵان، چ1،سلێمانی، 2001، لاپەڕە(52).

(22) د. رەشاد میران، م. یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە(35)..

(23) هەمان ئەو زانیاریانە لە ئەنفالی قەرداغ لەلایەن فەرماندەی سوپا کانەوە بۆ لایەنی بەرز نێردراوە، بروانە ئەو بەڵگە نامەنەی کەلە پاشکۆی ئەم کتێبە هەیە.

(24)د. رەشاد میران، م. یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە(37).

(25)بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم هێرشانە بروانە MEW، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (339–361).

(26) د. رەشاد میران، م. یوسف دزەیی سەرچاوەی پێشوو،لاەپەڕ’(43).

(27) بۆ زیاتر زانیاری لەسەرئەم هێرشانەبڕوانە، MEW، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە(437–489).

(28) KDP لەکوردستاندا چوار لقی هەبوو کە کاروباری سیاسی و سەربازیشیان لەئەستۆ گرتبوو، زێوە شکان بارەگای لقی یەکی لێ بوو،لقی دوو بنکەکەی لەدۆڵی سماقووڵێ بوو وعەمەلیاتی پارێزگای هەولێری لەئەستۆ گرتبوو، لقی سێ لەگوندی جافەرانی قەرەداخەوە کاروباری KDP لەپارێزگای کەرکوك دا بەرێوە دەبرد، لقی چواریش لەناوچەی چوارتابوو بەرپرس، پارێزگای سلێمانی بوو، جگە لە چەندلقێکی تر کەلەدەرەوەی کوردستان بوو، هەروەها KDP هەندێ هێزی تایبەتیشی هەبوو وەك هێزی بارزان لەرایات ناحیەی مێرگەسۆر. بڕوانە MEW لاپەڕە (439) چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری،واشنتۆن دی. سی، 7ی حوزیرانی 1993.

(29) رضا زبیر زیباری، الانفال والرحلة الشاقة، مطبعة هاوار، دهؤك 1995، ص(8).

(30) عەلی بەندی، ئەنفالکرنا بەهدینان، چ(1) چاپخانەی خەبات، دهوك، 2001، لاپەڕە(67).